# بەئاسایشیکردنی پرسی کورد و فراوانبوونی ناتۆ: بەکارهێنانی ڤیتۆ لەلایەن تورکیاوە بەرامبەر ئەندامبوونی سوید وەک نموونە

**م.ی.هەڤاڵ ئازاد محی الدین[1] و د.توانا رشید کریم[1] ود.فاروق عبدول مەولود[2]**
[1] کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، کوردستان، عێراق
haval.mhedin@univsul.edu.iq
Twana.karim@univsul.edu.iq
[2] کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، کوردستان، عێراق
faruq.abdulrahman@univsul.edu.iq

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ڕۆشنایی تیۆریی "بەئاسایشکردن" (Securitization) لە قوتابخانەی کۆپنهاگن، پرۆسەی بەکارهێنانی مافی ڤیتۆ لە هاوپەیمانیی ناتۆ وەک ئامرازێکی ستراتیژی و جیۆپۆلیتیکی تاوتوێ دەکات. توێژینەوەکە سەرنجی سەرەکی دەخاتە سەر ململانێ دیپلۆماسییەکانی نێوان تورکیا و سوید لە کاتی پرۆسەی فراوانبوونی ناتۆدا، وەک نموونەیەکی بەرچاو بۆ چۆنیەتی گۆڕینی "پرسی کورد" لە بابەتێکی سیاسی و نەتەوەییەوە بۆ کێشەیەکی ئاسایشی نێودەوڵەتی. پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە ئەوەیە چۆن تورکیا توانی لە ڕێگەی دارشتنەوەی گوتارێکی ئاسایشیی چڕەوە، پێگە و چالاکییەکانی کورد لە سوید وەک هەڕەشەیەکی دەستبەجێ و بوونیاتی ( Existential Threat) بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆی وێنا بکات؟. هەروەها چۆن توانی، مافی ڤیتۆ لە میکانیزمێکی ڕێوشوێنیی نێو هاوپەیمانێتییەکە، بگۆڕێت بۆ ئامرازێکی فشاری ئاسایشی چڕ بە مەبەستی ناچارکردنی سوید بۆ پێداچوونەوە بە سیاسەتی دەرەوە و یاساکانی ناوخۆیدا بەرامبەر بە دۆزی کورد.

توێژینەوەکە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە چۆن پرسی کەمینەکان پەنابەران لە بازنەی مافەکانی مرۆڤ و سیاسەتی ناوخۆییەوە، گوازرانەوە بۆ ناو کایەی ئاسایشی باڵا و ململانێی جیۆپۆلیتیکی. لە کۆتاییدا، ئەم لێکۆڵینەوەیە دەیسەلمێنێت کە میکانیزمی بڕیاردانی بەکۆمەڵ لە ناتۆدا، تەنیا بۆ بەرگریی هاوبەش نییە، بەڵکو لە لایەن دەوڵەتە ئەندامەکانەوە بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی سیاسی و سەپاندنی ئەجێندای ئاسایشی تایبەت "بە ئاسایشکردن" دەکرێت، ئەمەش ئاڵۆزییەکانی نێوان سەروەریی دەوڵەت، ئاسایشی هەرێمی و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان لە سەردەمی هاوچەرخدا پیشاندەدات.

**وشە کلیلییەکان:** بە ئاسایشیکردن، مافی ڤیتۆ، پرسی کورد، ناتۆ، تورکیا، سوید.

## پێشەکی

پرسی کورد لە تورکیا یەکێکە لە پرسە گرنگەکان، بەدرێژای سەد ساڵی ڕابردوو کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیا پەیوەندییەکانی ئەو وڵاتە هەبووە گرنگی جیۆسیاسیی تورکیا فاکتەربووە بۆ ئەوەی ئەو وڵاتە ببێت بە ئەندام لە هاوپەیمانیی ئەتلەسیی باکوور (ناتۆ). تورکیا هەوڵیداوە پێگەی جیۆسیاسی خۆی لە هاوپەیمانییەکەدا لە دژی پرسی کورد بەکاربهێنێت ئاستەنگ بۆ پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان لەدەرەوە دروستبکات جا ئەو پارت و ڕێکخراوە لە باکوور یاخود هەر بەشێکی دیکەی کوردستان.

لەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی بەکارهێنانی (مافی ڤیتۆ) لە ناتۆ لەلایەن تورکیاوە بۆ بە ئاسایشکردنی پرسی کورد لە سوید. هەوڵدەدرێت لە ڕێگەی تیۆری بە ئاسایشیکردنەوە تیشکبخرێتەسەر پێگەی جیۆسیاسی تورکیا لەناتۆ و فشارەکانی بۆ سەر وڵاتانی ئەندام بۆ بەتیرۆرناساندنی پارت و ڕێکخراوە کوردییەکانی نەیاری تورکیا. هەروەها سەرنج دەخرێتەسەر پرسی کورد لە نێوان ڤیتۆی تورکیا و خواستی سوید بۆ بوون بە ئەندام لە ناتۆ و کاریگەرییەکانی لەسەر کورد.

لە توێژینەوەکەدا هەر یەک لە میتودەکانی شیکاریی و لێکۆڵینەوەی حاڵەت و مێژوویی بەکارهێندراوە. هەوڵدراوە گوتاری بەرپرسانی تورکیا و سوید بخرێتە ڕوو شیکردنەویان بۆبکرێت، هەروەها بەکارهێنانی مافی ڤیتۆ لەناتۆ خراوەتەڕوو و لەگەڵ هەوڵەکانی تورکیا بۆ بە ئاسایشیکردنی پرسی کورد لەگەڵ ڕێککەوتن و لێکتێگەشتنەکانی نێوان تورکیا و سوید و لێکەوتەکانی لەسەر دۆزی کورد.

پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکەش ئەوەیە تورکیا چۆن پرسی کوردی لەرێگەی بەکارهێنانی مافی ڤیتۆ لە ناتۆ بە ئەمنیکردووە تاکو وەک کارتێکی فشار بۆ گۆڕینی سیاسەتی دەرەوەی سوید بەکاربهێنێت. هەروەها پرۆسەی بە ئەندامبوونی سوید لە ناتۆ چۆن

کاریگەری کرۆدتە سەر پرسی کورد و یاساکانی سوید سەبارەت بە تیرۆر.

گریمانەی توێژینەوەکە ئەوەیە تورکیا توانیویەتی سەرکەوتوبێت لە گۆرینی پرسی کورد لە پرسێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە بۆ پرسێکی ئەمنی لە چوارچێوەی ناتۆدا. بۆیە بەکارهێنانی مافی ڤیتۆ بە ڕەوایی دەبینێت تاکو وڵاتان ناچاربکات گۆرانکاری لە سیاسەتی خۆیان بەرامبەر بە پرسی کورد ئەنجامبدەن.

گرنگی توێژینەوەکە جگە لە پێویستییەکی زانستی و ڕونکردنەوەی جێبەجێکردنی تیۆری بەئەمنیکردن لە بواری کرداریدا، دەریدەخات چۆن ئەندامێکی ناتۆ وەک تورکیا چۆن ماددەکانی هاوپەیمانییەکە لەبەرژەوەندی خۆی وەک کارتێکی فشار بەرامبەر ئەندامانی دیکە بۆ گۆرینی سیاسەتی دەرەوەیان بەکاردەهێنێت. هەروەها توێژینەوەکە ئەوە ڕوندەکاتەوە چۆن بەرژەوەندییە باڵاکان تەنانەت وڵاتانی دیموکراسی خوازی وەک سوید ناچاردەکات دەستبەرداری کۆمەڵێک بەهاو پرەنسیپی سیاسی و مرۆیی ببێت.

ئامانجی توێژینەوەکە، ڕونکردنەوەی چۆنێتی بەکارهێنانی مافی ڤیتۆیە لە لایەن تورکیا لە دژی سوید لە چوارچێوەیەکی ئەمنیدا و کاریگەرییەکانی لەسەر پرسی کورد.

## ١: چوارچێوەی تیۆری و چەمکی ئاسایش:

فەراهەمکردنی ئاسایش و پاراستنی خاک و هاوڵاتیان بە یەکێک لە گرنگترین هۆکار و ئامانجەکانی یەکگرتنی هاوڵاتیان و دروستکردنی هەریەکەیەکی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، هاوڵاتیان لە پێناو بەدیهێنانی ئاسایشی خۆیان و پاراستنیان لە هەر مەترسییەکی دەرەکی هەوڵیانداوە پاڵیشتی لایەنێکی بەهێزبکەن. بە واتایەکی دیکە بە بڕوای تۆماس هۆبز، دەکرێت یەکێک لە گرنگترین ئامانجەکانی دەوڵەت دابینکردنی ئاسایشی هاوڵاتییەکانی بێت (Hobbes, 2007, SS. 121–125). لەگەڵ بوونی تێروانینی جیاواز سەبارەت بە چەمکی ئاسایش، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی تێروانینە کلاسیکییەکان بۆ ئاسایش، نەبوونی هەر مەترسی و هەرەشەیەکی سەربازییە بۆ سەر دەوڵەت. بۆیە دەوڵەتان لە پێناو دابینکردن و پاراستنی ئاسایش دەبێت بەردەوام هێزی بەرگری خۆیان پێشبخەن. واتە تێروانینێکی کلاسیکی بۆ ئاسایش لەسەر ئەو وتەیە بونیادنراوە کە دەڵێت: ئەگەر ئاسایشت دەوێت، کەوایە ئامادەبە بۆ جەنگ(Karabulut, 2016, s. 122-124). ئەم جۆرە تێروانینە بۆ ئاسایش بە تێروانینی ئاسایشی توند ( ڕەق) دەناسرێت و سەرەنجی لەسەر پەیوەندی نێوان ئاسایش و پاراستنی دەوڵەت چڕکردۆتەوە. نیگەرانییە سەربازییەکانیش وەک مەترسی سەرەکی بۆ سەر ئاسایش وێنادەکات. بونی هێزی زەبەلاح و ترسێنەر یاخود دروستکردنی هاوپەیمانییەکی فراوان بە پارێزەری ڕاستەوخۆی ئاسایش دەزانێت(Sönmezoğlu, 2019, s. 373-374). چەمکی ئاسایش یەکێکە لەو چەمکانەی بەردەوام لە فراوانبوندایە، بەتایبەتی دوای کۆتایهاتنی جەنگی سارد و بەهۆکاری دروستبوونی گۆرانکاری لە سیستەمی جیهانی، گۆرانە بەردەوامەکان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، کێشەکانی ناسنامە و نەتەوە و ئەو تاوانانەی سنوری دەوڵەتان دەبڕن و سەرنجی زۆری بیرمەندان بۆ پرسەکە، تێروانینی نوێ سەبارەت بە چەمکی ئاسایش دروستدەبێت و چەمکەکە فراوانتر و ئاڵۆزتردەبێت. (Buzan et al., 1998, p. 2) هەر بۆیە چەندین بیرمەندی سەر بە قوتابخانەی کۆپنهاگن وەک باری بۆزان و هاویدەکانی هەوڵدەدەن لە گۆشەنیگای جیاوازەوە لە چەمکەکە بروانن. بۆزان و هاویدەکانی پێیانوایە، چەمکی ئاسایش تەنها وابەستەنییە بە کردەی سەربازییەوە، بەڵکو پرسەکانی ئابوری، کۆمەڵایەتی و ژینگەیی پەیوەندی و کارلێکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ئاسایشدا هەیە (Sönmezoğlu,2019, s. 377) قوتابخانەی کۆپنهاگن لە ڕێگەی گەشەپێدانی تیۆری ئاسایشگەراییەوە هەوڵدەدات پرسەکانی تایبەت بە ئاسایش ڕوونبکاتەوە بە پێی تیۆرەکە پرسەکان لە بنەڕەتدا پرسی جدی ئاسایش نین، بەڵام کاتێک پرسێک دروستدەبێت و لە لایەن سیاسەتمەدارانەوە هەڵوێستەی لەسەر دەکرێت و بە شێوەی مەترسیدار و هەرەشەئامێز بۆ هاوڵاتیانی وێنادەکەن، ئیتر پرسەکە لە پرسێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی یاخود ژینگەییەوە بۆ پرسی ئەمنی دەگوازرێتەوە و پێویستی بە چارەسەری هەنوکەیی دەبێت( ئێرۆخمانۆف،2019، ل. 241). تیۆری ئاسیشگەرایی پێیوایە، مادەم پرسەکە هەرەشە بۆسەر دەوڵەت و کۆمەڵگا، ئەوا پاساو دەدات بە دەسەڵاتداران تەواوی هێزی خۆیان کۆبکەنەوە و بەکاربهێنن. واتە پرسەکە شەرعییەت دەدات بە دەسەڵاتداران لەدەرەوەی یاسا و بنەمای دیموکراسی ڕووبەڕوی پرسەکەببنەوە (Buzan et al., 1998, p. 21).

### ١-١: چەمکی مافی ڤیتۆ لە هاوپەیمانیی باکووریی ئەتڵەسی (ناتۆ):

ئەگەر چی لە ڕێکخراوەکەدا ڕاستەوخۆ ئاماژە بە مافی ڤیتۆ نەکراوە، بەڵام هیچ بڕیارێک پەسەندناکرێت تاکو لە لایەن هەموو ئەندامانی ڕێکخراوەکەوە ڕەزامەندی لەسەرنەبێت. بە واتایەکی دیکە، لەکاتی وەرگرتنی ئەندامی نوێ یاخود دەرکردنی هەر بڕیارێکی گرنگی ڕێکخراوەکە پشت نابەسترێت بە بنەمای زۆرینەی دەنگ بەڵکو پێویستە لەڕێگەی دیبلۆماسییەوە گفتوگۆی پێشهاتەکان بکرێت و پاشان ڕێککەوتنی تایبەت لە نێوان لایەنەکاندا ئەنجام بدرێت. ئەگەر لەکاتی گفتوگۆکاندا نەتواندرا لایەنەکان بگەن بە ئەنجام ئەوا ناتوانرێت بڕیارێکی هاوبەش دەربکرێت (NATO, 2023). ئەوەش زۆرجار ڕێکخراوەکەی ڕووبەڕوی قەیرانی بڕیاردان و یەک هەڵوێستی کردۆتەوە. هەندێک لە ئەندامانی ڕێکخراوە ئەم دۆخە وەک فشار بەرامبەر ئەندامانی دیکە یاخود ئەو ئەندامە نوێیانەی دەیانەوێت ببن بە ئەندامی ڕێکخراوەکە بەکاردەهێنن. ئەندامێکی وەک تورکیا، چەند جارێک ڤیتۆی لە ڕێکخراوەکەدا بەکارهێناوە، گرنگترینیان ڕەتکردنەوەی پلانی

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Website**https://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12583]
- **Submission Date:** [28/7/2026], **Revised Date:** [28/7/2026], **Accepted Date:** [24/8/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

بەرگری پۆلۆنیا و بەڵتیک بوو لە ساڵی ٢٠١٩. کاتێک لە ساڵی ٢٠١٩ لە یادکردنەوەی ٧٠ ساڵەی دامەزراندنی ناتۆ لە لەندەن ئەنجام درا، یەکێک لە تەوەرەکان پەسەندکردنی پلانی بەرگری پۆلۆنیا و بەڵتیک بوو. تورکیا پلانەکەی ڕەتکردەوە و ڕایگەیاند پێویستە وڵاتانی ئەندامی ناتۆ پەیەدە و یەپەگە وەک ڕێکخراوێکی تیرۆرستی بناسێنن و هاوشانی تورکیا ڕووبەڕووی ئەم ڕێکخراوانە ببنەوە کە مەترسین بۆ سەر ئاسایشی تورکیا. واتە تورکیا هەوڵیداوە مافی ڤیتۆ لە ڕێکخراوەکەدا لە دژی پەکەکە و یەپەگە بەکاربێنێت و فشار لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەندامانی ناتۆ بکات تاکو هاوسۆزی و هاوکارییەکانیان بۆ پەکەکە و یەپەگە کۆتای پێبێنن و نەبن بە ئاستەنگ لەبەردەم تورکیا بۆ ئەنجامدانی هەر ئۆپراسیۆنێک لە دژی هێزەکانی ڕۆژئاوای کوردستان(Ovalı, 2024, ss. 147–148). هەروەها کاتێک سوید داواکاری بوون بە ئەندامی پێشکەشی ناتۆ کرد، سەرۆک کۆماری تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردوگان لە وتارێکیدا لە مانگی حوزەیرانی 2022 ڕایگەیاند تورکیا ڤیتۆ بەکاردەهێنێت بەرامبەر داواکاری سوید بۆ بوون بە ئەندام لە ناتۆدا(Şahin, 2022, s.43) تورکیا ڤیتۆی وەک کارتێکی فشار بەرامبەر بە داواکارییەکانی سوید بەکارهێناوە تاکو لەڕێگەیەوە کۆتای بە هاوکارییەکانی سوید بۆ کورد و یەپەگە بهێنێت و نیگەرانییەکانی تورکیا سەبارەت بە پرسی ئاسایش بەهەند وەربگرێت(Ertuğral, 2022) .

### ٢-١: بەکارهێنانی مافی ڤیتۆ لەڕوانگەی تیۆری ئاسایشگەراییەوە:

بەپێی تیۆری ئاسایشگەرایی، دەسەڵاتداران هەوڵدەدەن لە ڕێگەی لێدوانەکانیان شیکردنەوە بۆ پرسە سیاسی، کۆمەڵایەتییەکان و ژینگەییەکان بکەن و وەک پرسێکی مەترسیدار و هەڕەشەئامێز بیگەیەنن بە هاووڵاتیان تاکو لە چوارچێوەی فۆرمێکی ئەمنیدا پرسەکە لە قاڵبیدەن شەرعییەت بۆ ئەنجامدانی هەر کردەیەکی نا یاسای یاخود دیموکراسی بدۆزنەوە( ئێرۆخمانۆف، 2019، ل ل. 241-245)

وەک دیارە تورکیا مافی ڤیتۆ وەک کارتێکی فشار لە ڕێکخراوەکەدا بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆی بەکاردەهێنێت، کاتێک ڕێکخراوەکە پێویستی بە کۆدەنگییە سەبارەت بە پلانی بەرگری یاخود فراوانکردنی ڕێکخراوەکە و وەرگرتنی ئەندامی نوێ، تورکیا ڕاستەوخۆ پرسەکە با ئەمنی دەکات، وەک لە پرسی بە ئەندامبوونی سوید دەبینرێت

دەسەڵاتدارانی تورکیا لە ئاستی باڵا بە پاساوی بوونی پەیوەندی و هاوکارییەکانی سوید بۆ هێز و ڕێکخراوە کوردییەکانی وەک پەکەکە و یەپەگە هەوڵیاندا پاساو بۆ بەکارهێنانی ڤیتۆ لە دژی ئەو وڵاتە بەکاربهێنن. دەسەڵاتدارانی تورکیا لە ڕێگەی وتارەکانیانەوە ئەو پەیامەیان بە ناتۆ و سوید گەیاند کە ئەندامبونی سوید کاریگەری خراپی بۆ سەر ئاسایشی تورکیا دەبێت. واتە تورکیا پرسەکە وەک پرسێکی ئاسایش دەبینێت، بۆیە دەبێت بە ئاستەنگ لەبەردەم ناتۆ و سوید تاکو مەرج و داواکارییەکانی جێبەجێدەکرێن. هەربۆیە ناتۆ و سوید ناچاردەبن سەبارەت بە مەرج و داواکارییەکانی تورکیا نەرمی بنوێنن. لەم چوارچێوەیەدا ناتۆ ناوەندێک بەناوی هەماهەنگی تیرۆر و سویدیش گۆڕانکاری جەوهەری لە دەستوور و یاسای ناوخۆی تایبەت بە پرسی تیرۆر ئەنجامبدات (Çubukçuoğlu, 2024)

## ٢: تورکیا و بەکارهێنانی کارتەکانی فشار لە ناتۆ:

تورکیا خاوەنی پێگەی ستراتیژی گرنگە لە ناتۆ، خاڵی بە یەک گەیشتنی ئەوروپا، ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. ئەم پێگەی ستراتیژییەی تورکیا بەشی باشووری ئەم هاوپەیمانییە پێکدەهێنێت کە وایکردووە پێگەیەکی گرنگ وستراتیژ بە ناتۆ بدات لەبەرامبەر ئەو ئالنگارییە جیوسیاسیانەی لەم ناوچەیەدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، جگە لەوەش تورکیا بۆ ناتۆ دەروازەیە بە ڕووی سەقامگیریی هەرێمی و پاراستنی بەرژەوەندییە ئاسایشییەکان (Akduman, 2023, pp. 2953–2958)بۆیە دوای ئاڵۆزبونی دۆخی سوریا و زیادبونی ژمارەی پەنابەران لە تورکیا، ئەو وڵاتە هەوڵیداوە پرسەکە وەک کارتێکی فشار دژی ئەندامانی ناتۆ بەکاربهێنێت. تورکیا ویستویەتی لەڕێگەی هەڕەشەی لێشاوی پەنابەرانەوە فشارەکانی بۆسەر ئەندامانی ناتۆ بەتایبەتی وڵاتانی ئەوروپا زیاتربکات(Jennequin, 2020) چونکە پرسی پەنابەران مەترسی گەورەی ئاسایش بۆسەر سیستەمی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوری وڵاتانی ئەوروپی دروستدەکات. دوای فشارەکانی تورکیا، ناتۆ هەوڵیدا نیگەرانییەکانی تورکیا سەبارەت بە پرسی کۆچبەران بڕەوێنێتەوە، لەم چوارچێوەیەدا بە مەبەستی ڕێگریکردن لە شەپۆلی کۆچبەران هاوئاهەنگی لە نێوان ناتۆ و تورکیادا ئەنجامدرا (Kibaroğlu, 2017, s. 16) گرنگی پێگەی تورکیا بۆ ناتۆ وایکردووە ڕێکخراوەکە چەندین بنکەی سەربازی گەورەی وەکئینجەرلیک لە تورکیا دابمەزرێنێت (Kovankaya, 2026)بەردەوام بنکەکانی خۆی لەو وڵاتەدا زیادبکات. هاوتەریب تورکیا لە ڕوی سەربازییەوە دووەم گەورەترین هێزی ناتۆیە و یەکێکە لە ئەندامە سەرەتای و سەرکییەکانی ڕێکخراوەکە، بەجۆرێک خاوەنی توانایەکی گرنگی سەربازی و مرۆییەک بۆ (Ertuğral, 2022). هەروەها یەکێکە لە ئەندامانی ڕێکخراوەکە کە گرنگی زۆر دەدات بە پێشخستنی کەرتی پیشەسازی سەربازی. بەجۆرێک لەو بوارەدا تواناکای خۆی پێشخستووە و لە ئێستادا پیشەسازی سەربازی ئەو وڵاتە بووە بە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ناتۆ. لەم چوارچێوەیەدا، وەزیری بەرگری بەریتانیا بێن والاس (Ben Wallac) لە ٢٢ ئازای ٢٠٢٢ لە پەرلەمانی وڵاتەکەی لە وتارێکدا ئاماژەی بە گرنگی کەرەستەی سەربازی تورکیا لە جەنگی ڕوسیا-ئوکرانیا کردووە (Kurt & Yiğit, 2024, ss. 8182)

تورکیا هەوڵیداوە لە ڕێگەی جێبەجێکردنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەربەخۆیانە لەگەڵ ڕوسیا پێشبخات و تەنانەت بە خستنەڕوی بەڵگەی پێویستی ئاسایش هەوڵیداوە سیستەمی بەرگری ئێس ٤٠٠ لە ڕوسیا وەربگرێت(Yeltin, 2021, ss. 65–78) کاتێک تورکیا بە پاساوی ئاسایش سیستەمی بەرگری لە ڕوسیا وەردەگرێت و ئەو پەیامە دەدات بە وڵاتانی ناتۆ کە ئێوە ناتوانن زامنی ئاسایشی تورکیا بکەن. بۆیە ئەمە وەک کارتێک بەکاردەهێنێت تاکو بتوانێت نیگەرانییەکانی خۆی سەبارەت بە پرسی ئاسایش بگەیەنێت بە وڵاتانی ناتۆ و فشاریان لێبکات بۆ هەڵگرتنی ئابڵوقە سەربازییەکان و پێدانی سیستەمی بەرگری و فڕۆکەی جەنگی(Yegin, 2019)

## ١-٢: مێژووی تورکیا لەگەڵ ناتۆ و گرنگیی پێگەی جیۆپۆلیتیکی ئەنقەرە:

سەرەتای هەوڵەکانی ئاڕاستەی تورکیا بەرەو رۆژئاوا بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم دەگەڕێتەوە، ئەوەتا بەشێکی زۆری دەستەبژێران و حوکمڕانان لە کۆتاییەکانی دەوڵەتی عوسمانییەوە مەیل و ئاڕاستەیان بەرەو رۆژئاوا هەبوو. ئەوەش بە روونی لە پرسی دەستوور و پیادەکردنی و سەرهەڵدانی چەمکە نەتەوەییەکان و هەوڵەکانی دەوڵەتانی ئەوروپی بە سەپاندنی پرۆسەکانی نوێکردنەوە و سوپا رەنگیدایەوە. کە لەم نێوەدا دەستەبژێران ئامرازێکی گرنگی پیادەکردنی بوون. پاش دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیا، هەوڵەکانی زیاتر نزیکبوونەوە و کردنی تورکیا بە بەشێک لە رۆژئاوا ودابڕینی لە رۆژهەڵات لەمیانی چاکسازییەکان و کارەکانی بەشێوەیەکی بەرچاو دای لە زیادی بە چەشنێک" تورکیای کردە پارچەیەک لە ژیاری رۆژئاوا"( توم، 2017، ص162-163) پاش جەنگی دووەمی جیهانی، جیهان وەرچەرخانێکی گەورەی بەخۆییەوە دی، کە خۆی دەبینییەوە لە داڕمانی سیستەمە تۆتالیتاریزم و فاشیزمەکان و کرانەوە بە رووی دیموکراسیەت و پلۆرالیزمدا. لەپاڵ ئەمەشدا، یەکێک لە دەرئەنجامەکانی تر داڕمانی ئابووریی و هێزەکانی بوو، ئەمەش وایکرد شکستێکی ئاسایشی قوڵ رووبەرووی ئەم کیشوەرە ببێتەوە، لە ئاکامی ئەمەشدا دوو جەمسەری یەکێتی سۆڤێت و ئەمریکا هاتەکایەوە، کە کاریگەرییەکی بەهێزیان لەسەر لایەنی سیاسی و سەربازی ئەوروپا و هەموو جیهان هەبوو. ئەم داڕمانە وایکرد بەشێکی زۆری دەوڵەتانی ئەوروپی پەسەندی هاوکارییە ئابوورییەکانی ئەمریکا بکەن، لێرەوە دیاردەی پاشکۆیەتی ئەوروپی بۆ ئەمریکا هاتەبوون(الشرهان، 2015، ص25-26)

تورکیا لەماوەی جەنگدا، سیاسەتی بێلایەنی گرتەبەر و پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەردوو بەرەدا بە هاوسەنگی بەڕێوەبرد، بەڵام لە کۆتاییەکانی جەنگ کە دەرئەنجامەکانی جەنگ روون و ئاشکرابوون، تورکیا بێلایەنی شکاند و جەنگی دژی ئەڵمانیا ڕاگەیاند. لێرەوە هەوڵەکانی تورکیا بەشێوەیەکی چڕ بۆ لکاندنی تورکیا لەرووی ئابوریی، سیاسی و بەرگرییەوە بە دەوڵەتانی سیستەمی سەرمایەدارییەوە زیاتربوو. ئەوەش واتای دابڕینی لە سیاسەتی دەرەکی کەمالییەکان کە چەندین ساڵ بوو جەختی لەسەر بێلایەنی کردبۆوە(عمر، 2021، ص236) بەتایبەتی لەپێناو رزگارکردنی ئابوورییەکەی ناچار بوو خۆی لە تەوەری ئەمریکا و هاوپەیمانەکان نزیکتربکاتەوە(Akkaya,2012, P.4) لە دوای جەنگ هەڕەشەی یەکێتی سۆڤێت و چوونە ناو هاوپەیمانییە رۆژئاواییەکان بەمەبەستی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی تەواوی باڵی کێشابوو بەسەر سیاسەتی دەرەکی تورکیا، ئەمەش فاکتی سەرەکی بوو لە کۆششە بەردەوامەکانی بۆ چوونە ناو ناتۆ لەدواتردا.

بەماوەیەکی کەم دوای جەنگ سەرۆکی یەکێتی سۆڤێت ستالین (1927-1953) لە لوتکەی ماڵتا و وەزیری دەرەوەی سۆڤێت مۆلۆتۆف داوای لە ساربەر باڵیۆزی تورکیا لە سۆڤێت کرد کە دووبارە پێداچوونەوە بە پەیماننامەی دۆستایەتی وبێلایەنی 1925/12/17 نێوانیان بکرێت کە لەساڵی 1945 کۆتایی پێدەهات، بۆ ئەم مەبەستەش چەند خواستێکی پێشکەش بە باڵیۆزی تورکیا کرد، کە تێیدا هاتبوو: "پێداچوونەوەی رێککەوتننامەی مونترۆ و دووبارە ریکخستنەوەی سنوور و کۆنتڕۆڵکردنی هاوبەشی تەنگەبەرەکانی دەردەنێڵ و بۆسفۆر و بوونی بنکەی سەربازی یەکێتی سۆڤێتی لە تەنگەبەرەکان (Çakır & Chasnouski, 2020, p. 65)

ئەم خواستانەی روسیا هەر لە سەرەتاوە لەلایەن تورکیاوە رەتکرایەوە، هەرچەندە لە دوو کاتی جیاوازدا لە 24 سیبتمبەر 1946 و 18 ئۆکتۆبەری 1946 لەم بارەیەوە دووبارە یاداشتنامەی دا بە تورکیا، بەڵام لەلایەن تورکیاوە رەتکرایەوە مەترسییەکانی داواکارییەکانی یەکێتی سۆڤێت وهەوڵەکانی بۆچوونە ناو چوارچێوەی هاوپەیمانییەکی ئاسایشی، زیاتر پاڵی نا بە نزیکبوونەوەی تورکیا لە ئەمریکا و وایکرد ببێتە ئەندام لە هەموو هاوپەیمانە سیاسی و سەربازییەکانی کە رۆژئاوا سەرکردایەتی دەکرد(Akkaya,2012, pp.4, 6)

لێرەوە ترسی تەشەنەکردنی هەژموونی یەکێتی سۆڤیەت لای ئەمەریکییەکان بایەخی تورکیا لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا زیاتر کرد، ئەمەش پاڵی بە سەرۆکی ئەمریکا ترومان(1945-1953) نا کە هاوکاری تورکیا و یۆنان بخاتەچوارچێوەی سیاسەتەکانییەوە، بەپێی یاداشتیکی وەزارەتی دەرەکی:" ئەگەر تورکیا سەرکەوتوو بوو لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانی لەمیانی کۆنتڕۆڵکردنی تورکیا، ئەوا کۆنتڕۆکردنی رۆژهەڵاتی ناوەراست و یۆنان شتێکی ئەستەم نابێت و دەستکەوتێکی ستراتیژی دەبێت لەزۆر لایەنەوە. ئەوەش مانای ئەوەیە کە ئامانجەکانی لە هیند وچین بەدەست دێنێت...هەنووکە کاتی راگرتنی دوژمنکارییەکانی یەکێتی سۆڤیتە"(النعیمی، 1981،ص78-79) بەمشێوەیە لە یەکەم هەنگاویدا لە چوارچێوەی بنەماکانی مارشاڵ نزیکەی 400 ملیۆن دۆلاری

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12583]
- **Submission Date:** [28/7/2026], **Revised Date:** [28/7/2026], **Accepted Date:** [24/8/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

وەک هاوکاری پێشکەش بە تورکیا کرد بە مەبەستی دەستگرۆیکردنی لەبواری ئابوری و سەربازیی (Leffler, 1985, P.807)

لەسەرێکی ترەوە، دوو فاکتەری دیکە ناکرێت فەرامۆش بکرێت لە چوارچێوەی پەسەندکردن و هەوڵەکانی تورکیا بۆ بوونە ئەندام لە ناتۆ، بەشێک لە دەستەبژێری تورکیا بەردەوام لە فشاردابوون بۆ هەنگاونان بەرەو رۆژئاوا و خۆبەستنەوە بەهەموو ناوەند و هاوپەیمانەکانی رۆژئاوا کە پێیانوایە ئەمەش کاریگەری لەسەر لایەنی مەدەنی و سەربازیی تورکیا وبەهێزبوونی دادەنێت(Oğuzlu, 2013, P.3) هەروەها لە روانگەی ناتۆ شوێنگە و پێگەی جیوسیاسی تورکیا و توانای سەربازییەکانی، دەشێت ببێتە ئامرازێک بۆ بە دیهێنانی ستراتیژییەتی سیاسەتی (بەرگرتن و بەرپەچدانەوە) بەرامبەر بە هەژموونی یەکێتی سۆڤێت (Oğuzlu, 2013, P.2) بە چەشنێک دەستەی هاوبەشی ناتۆ گەیشتبونە ئەو باوەڕەی بنکە ئاسمانییەکانی تورکیا لەباری هێرشکردنی یەکێتی سۆڤێت، پێویستین بۆ بەرپەچدانەوەی (Foreign Relations of the united states, 1951, Vol.III)

وێرای ئەمانەش، داواکارییەکانی تورکیا بۆ بوون بە ئەندام لە هاوپەیمانی ناتۆ رووبەرووی بەرهەڵستکارییەکی توندبۆوە لەلایەن دەوڵەتانی ئەوروپی و تەنانەت لە ئەمریکاش لە قۆناغی یەکەمیدا. هەریەک لە بەریتانیا و فەرەنسا زۆر بە توندی رووبەرووی بونە ئەندامی تورکیا بونەوە، بەریتانییەکان بە پاساوی پاریزگریکردن لە دەسترۆیشتوو و هەژموونی خۆی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست دژایەتی هاتنەناوەوەی تورکیا بۆ ناو ناتۆ کرد، بە پێچەوانەی فەرەنسییەکانەوە کە لەگەڵ ئەوەی بەرهەڵستکاربوو، بەڵام بە ئەندازەی بەریتانیا توند نەبوو، فەرەنسییەکان پێیانوابوو هاتنەناوەوەی تورکیا دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ ئەوروپا لە چوارچێوەی پرۆژەی مارشاڵ، جگە لەوەش لەرووی ئابوورییەوە لە دۆخێکدا نەبوو مەرج بەسەر ئەریکادا بسەپێنێت. بۆ ئەم مەبەستە هەریەک لە بەریتانییەکان و فەرەنسییەکان پێشنیاری پرۆژەیەکی جێگرەویان کرد بۆ رۆژهەڵات لەژێر ناونیشانی " سەرکردایەتی رۆژهەڵاتی ناوەراست- Middle East Command" بەجۆرێک تورکیا ببێتە بەشێک لەو رێکخستنە هەرێمییە لە ژێر فەرماندەیی بەریتانیادا، نەک وەک ئەندامێکی سەرەکی ناتۆ وەربگرێت(Zürcher, 2004, P.233)

هەروەها هەریەک لە وڵاتانی ئەسکەندەنافیا (هۆڵەندا و بەلجیکا و لۆکسەمبۆرگ) دژایەتی بونە ئەندامی تورکیا بوون بەهۆی نەبوونی فەرهەنگ وژیارێکی هاوبەش و ترسیان لەوەی کە هاتنەناوەوەی تورکیا بۆ ناتۆ زیان بە ناسنامەی هاوپەیمانی ناتۆ دەدات و دەرگاش بەرووی دەوڵەتە تۆتالیتارەکان بۆ داواکاری هاوشێوە دەکاتەوە(Bölme,2022, P.98)

بەگشتی نارەزایەتییەکانی زۆربەی ئەندامەکان لەوە کۆببوە کە تورکیا لەرووی جوگرافییەوە بەشێک نییە لە وڵاتانی باکوری ئەتڵەسی و پرچەکداریکردنی تورکیا بارگرانی ئابووریی دەخولقێنێت و مەترسی شەڕ لەگەڵ یەکێتی سۆڤێت زیاتر دەبێت. سەرباری ئەمانەش، بونە ئەندامی تورکیا دەبێتە هۆی لاوازبوونی پەیوەندی لەگەڵ هەندێک دەوڵەتی تر لەناوچەکە وەک میسر و ئێران، کە لەرووی ستراتیژییەوە بۆ رۆژئاوا گرنگن(النعيمي، 1981، ص122-123)

ئەمریکییەکان لە بەراییدا لەگەڵ هاتنەناوەوەی تورکیا بۆ ناو ناتۆ نەبوو، ئەمەش زیاتر لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە ئەم هاوپەیمانییە سنووردارە، بەپێی تۆمارەکانی وەزارەتی دەرەکی ئەمریکا، ئەمریکا بە حکومەتی تورکیا راگەیاندووە کە ئەم هاوپەیمانییە تەنها تایبەتە بە ئەو دەوڵەتانەی دەکەونە جوگرافیای ناوچەی باکوری ئەتڵەسی(Rodriguez,2020,p.74) ، ئەوەتا سەرۆکی ئەمریکا ترومان لە نامەیەکییدا لەساڵی 1949 بۆ عیسمەت ئەینۆ بەڵێنی پشتگیری و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا پێداوە و چەختی لەسەر ئەوەش کردۆتەوە کە پاڵپشتی هاتنەناو هاوپەیمانییەکەی ناکات(النعيمي، 1981، ص116) ، سەرباری ئەمانەش ئەمریکییەکان نەیاندەویست هاوپەیمانە ئەوروپییەکانیان هەست بە مەترسی بکەن بەتایبەتی کە زۆربەی دەوڵەتانی ئەوروپی مەترسییەکانی خۆیان لەم بارەیەوە دەربڕیبوو. تەنانەت لە کۆبوونەوەی سەرۆکی ئەرکانی سوپا و وەزارەتی بەرگری لە ساڵی 1948 پرۆکسل ئامادەنەبوون کە تورکیا ببێتە ئەندام وپێیانوابوو کە پێویستە ئەندامانی هاوپەیمانی ناتۆ کەم و سنووردار بێت و تەنها لە دەوڵەتانی باکوری ئەتڵەس قەتیس ببێت(Bölme,2022, P.95)

لە سەروبەندی پەنجاکاندا، هەڵوێستی ئەمریکا بەشێوەیەکی توند گۆڕانی بەسەردا هات لەبەرامبەر خواستی تورکیا بۆ بوون بە ئەندامی لە هاوپەیمانی ناتۆ، ئەمەش زادەی ئەو دۆخە جیوسیاسیی و رووداو و فشارە مەیدانییە بوو کە رووبەرووی بۆوە، یەکێک لەو رووداوانە کە کاریگەری لەسەر تێڕوانین و هەڵوێستەکانی هەبوو بەشداری چالاکانە تورکیا بوو لە جەنگی کۆریا، لەساڵی 1950 بەچەشنێک دەریخست کە هێزەکانی تورکیا پێویستێکی ئاسایشی گرنگن، ئەمەش تارادەیەکی باش رۆڵی لە رەواندنەوەی مەترسییەکان لای دەوڵەتانی ئەوروپا هەبوو (U.S. Department of State, 1951)دیوێکی تر دیپلۆماسیەتی تورکی لەم قۆناغەدا کاریگەریی بەرچاوی هەبوو بەتایبەتی پاش ئەوەی حزبی دیموکرات (1950-1960) هاتەسەر دەسەڵات، ئەم حزبە سیاسەتی رووگیرکردنی وەک تاکتیک بەکارهێنا بە ئاراستەی وڵاتانی رۆژئاوا بە جۆرێک هەڕەشەی ئەوەیان کرد ئەگەر لە دەرەوەی ناتۆ بن، ئەوا لە بێلایەنی رادەگەیەنن ئەمەش مەترسی بوو بۆ بەرژەوەندییەکانی ناتۆ بەتایبەتی لەگەڵ بەهێزبوونی جەنگی سارد پرسی گەمارۆدان و داخرانی سنورەکانی باشووری یەکێتی سۆڤێت بوو بەشێکی گرنگ لە سیاسەتی ناتۆ و ئەمریکا (National Security Council, 1950) ، ئەوەتا ملیۆنەها دۆلار بۆ

ئامادەکردنی تورکیا لەڕووی ئامادەکردنی بنکە سەربازی و بونیادنانی ناوەندی پەیوەندی و گەیاندن و ڕاهێنانی سوپای تورکیا ودووبارە ڕێکخستنەوەی سوپای تورکیا خەرجکرا(Bölme,2022, P.96)

ویرای ئەمانەش، ئەمریکا لە چەند ڕوویەکی دیکەوە بۆ گرنگی ئەندامبوونی تورکیا دەیڕوانی: یەکەم: لەڕووی پێگەی جیوسیاسی تورکیا کە دەکەوێتە سێڕیانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا و ئاسیا ئەمەش هەژموونێکی ستراتیژیی بە هاوپەیمانییەکەی دەبەخشێ. دووەم: ڕێگەگرتنی تورکیا لە مۆسکۆ لەبەرامبەر هەوڵەکانی بۆ کۆنترۆڵکردنی تەنگەبەرەکانی. سێیەم: بە ئەندامبوونی تورکیا، ژمارەی هێزە وشکانییەکانی ناتۆ زیاتر دەبێت. بەپێی هەڵسەنگاندنێکی دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا C.I.A لەساڵی 1947 ژمارەی سەربازەکانی سوپای تورکیا 550 هەزار بووە، ئەمەش سەربارێکی باش دەبێ بۆ ناتۆ. چوارەم: زیادبوونی هەلی گەیشتنی بە نەوتی ڕۆژهەڵات وەک یەکێک لە پێداویستیەکانی ڕۆژئاوا. پێنجەم: ڕۆڵی دەوڵەتی بەربەست Buffer State بەچەشنیک کاریگەری لەسەر ئەوە هەبوو کە لە یەکێتی سۆڤیت هێزەکانی دابەش بکات و بایەخ بە بەرەی باشوور بدات بۆ پاراستنی(Rodriguez,2020,p.76)

لە ئاکامی ئەمانە و کۆششی چڕی دیپلۆماسی تورکیا و دۆخی ناسەقامگیری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی ئێران لەساڵی 1951، سەرۆکایەتی ئەرکانی ئەمریکا لە 15ی مایۆی 1951 پرسی ئەندامبوونی یۆنان و تورکیای خستەڕوو وەک بژاردەیەکی گرنگ بۆ پاراستنی ئاسایشی باشووری یەکێتی سۆڤیت و ڕێگەگرتن لە هەر فراوانخوازییەکی هەژموونی یەکێتی سۆڤیت. ئەوەبوو پاش چوار مانگ تاوتوێکردن و گفتوگۆی چڕ، پاش ڕەواندنەوەی ڕەهەندە تەمومژاوییەکانی بۆ هاوپەیمانەکانی لە ئەوروپا و خستنەڕووی بایەخی لایەنی ئاسایش و پێویستی سەربازی و گرنگی جیۆپۆلەتیکی و دانیشتوانی تورکیا، ئەمریکا توانی باوەڕی بۆ گشت دەوڵەتەکانی ئەندام دروست بکات، بەمشیوەیە ئەنجومەنی باکوری ئەتڵەسی- ناتۆ بانگهێشتی تورکیای کرد و ئەنجومەنەکە لە 21 ئەیلولی 1951 ڕەزامەندی لەسەر هاتنەناوەوەی تورکیا و یۆنان بۆ هاوپەیمانییەکە دەربڕی و لە لە 15ی فبرایۆری 1952 بە شێوەیەکی فەرمی تورکیا بوو بە ئەندامی هاوپەیمانی ناتۆ NATO(Bölme,2022, P.98)

دوای ئەوەی تورکیا بوو بە ئەندام لەم هاوپەیمانییەدا، مادەی پێنجەمی هاوپەیمانییەکە هەموارکرا بەچەشنێک تورکیا بوو بەشێکی گرنگی هاوپەیمانییەکە کە تێیدا هاتووە:

- هەر هێرشێک بکرێتەسەر هەر دەوڵەتێک لە دەوڵەتەکانی هاوپەیمانی لە ئەوروپا و ئەمریکای باکوور و هەرێمەکانی فەرەنسی لە جەزائیر و زەوییەکانی تورکیا یاخود ئەو دوورگانەی کە دەچنە چوارچێوەی هەر لایەنێک لە لایەنەکانی ناوچەی ئەتڵەسی لە باکوور لە خولگەی سەرەتان، بە هێرشی بۆ گشت لایەک دادەنرێت.
- هەر هێرشێک بکرێتە سەر هێزەکان، کەشتییەکان یان فرۆکەکانی هەر لایەنێک لە لایەنەکان یان هێرش بکرێتەسەر هێزەکانی پاشکۆی هەر لایەنێک لە ئەوروپا و دەریای ناوەڕاست و باکوری ناچەی ئەتڵەسی خولگەی سەرەتان، بە هێرش بۆسەر گشت لایەک دادەنرێت(النعيمى،1981،ص132)

بەپێی ئەم مادەیە جگە لەوەی هێرشکردنە سەر تورکیا بە هێرشکردنە سەر کۆی ئەندامەکانی هاوپەیمانییەکە هەژمار دەکرێت، لەهەمان کاتدا دەرگا کردنەوەیە بەڕووی جێبەجێکردنی هاوکارییە سەربازیی و هەواڵگرییەکان بۆ تورکیا.

لەماوەی جەنگی سارد دا، هەرچەندە تورکیا لەچوارچێوەی هاوپەیمانیەتەکەدا تەواو کۆششەکانی بۆ ئەوەبوو کە بەرژەوەندیی وسیاسەتەکانی ئاسایشی خۆی ڕێکبخات و ستراتیژیەتی بەرپەچدانەوە و لەخۆگرتن جێبەجێبکات. هەروەها سەرکەوتووبوون لە بەرپەچدانەوەی مەترسی یەکێتی سۆڤێت (Oğuzlu, 2013, P.3-4) بەڵام بەدرێژایی ئەم قوناغە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ناتۆ بە یەک هێڵ و بێ گرفتوگۆڵ نەبووە، ئەوەتا لە ماوەی جەنگی سارد دا هەندێک ململانێ لەنێوانیاندا هاتەبوون بەجۆرێک مەترسی لە ئاسایشی ناوخۆی هاوپەیمانییەکە دروستکرد وەک تەنگژەی بۆمبەدوورهاویژەکانی کوبی 1962-1963 و تەنگژەی قوبرس 1963-1964 و لەشکرکێشی تورکیا بۆ سەر قوبرس 1974 کە لەمەی دواییدا ململانێیەکان گەیشت ئاستی ئەوەی ئەمریکا گەمارۆی ئابووری بخاتەسەر لایەنی سەربازی تورکیا، ئەمەش نامتمانەیی لەلای ئەندامەکانی هاوپەیمانەکان دروستکرد لە پاپەندبوون بە بەرگریکردن لە ئاسایشی تورکیا(Rodriguez,2020,p.81-82)

دوای جەنگی سارد، لەبەر نەمانی فاکتی مەترسی یەکێتی سۆڤێت، هەڵوێستی تورکیا لە چوارچێوەی ناتۆ دا گۆڕانی بەسەرداهات، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تێروانینی تورکیا بۆ پرسی ئاسایشی نەتەوەیی لەلایەک و لەلایەکی دیکە بۆ چالاکبوونی سیاسەتی دەرەکی تورکیا بەڕووی هاوسێیەکانی و بایەخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و قەوقاز و بەلقان لە ئاسایشی تورکیادا پەیدابوو. جێی باسە یەك لەو دەرهاویشتانەی ئەم گۆڕانکارییە نزیکبوونەوەی نێوان ڕوسیا و تورکیا بوو. هەروەها گۆڕانکاری لە شێوازی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتانی ئەورووپی و تورکیادا هاتەکایەوە لەسەر بنەمای ئاسایش و پارێزگارییەوە گۆڕا بەچەشنێک کۆبیری تورکیا لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەکی کارکردن بوو لەسەر بە ئەندامبوونی لە یەکێتی ئەوروپا(Oğuzlu, 2013, P.5)

سەرباری ئەمانەش، تورکیا لەم قوناغەدا ڕۆڵێکی کاریگەریی و بنچینەیی لە چوارچێوەی ناتۆدا گێڕاوە، کە هەندێکیان پەیوەست بووە بە بونیادی ئاسایشی ناتۆ، هەندێکی تریان لەڕووی ئەندازیارییەوە بووە. وەک پاڵپشتیکردن لە ئەندامبوونی بولگاریا و


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Website**https://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12583]
- **Submission Date:** [28/7/2026], **Revised Date:** [28/7/2026], **Accepted Date:** [24/8/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

رۆمانیا، یاخود راهێنان و بونیادنانی هێزەکانی ئاشتی فەرمەگەز لە باشووری رۆژهەڵاتی ئەوروپا، هەروەها بونیادنانی یەکەم ناوەندی راهێنان PFP کە راهێنانی بە سەرباز و کەسانی مەدەنی پەنجا دەوڵەت کردووە. سەرباری ئەمانەش رۆڵی بنچینەیی هەبوو لە بونیادنانی UFM کە رێکخراوێکی هاوبەشی نێوان ئەوروپا و ناوەراست بوو (Varlık, 2019, P.279-280)

شایەنی باسە، پێگەی ستراتیژی تورکیا بۆ هاوپەیمانی ناتۆ ناکرێت فەرامۆشبکرێت، بەتایبەتی کە وەک پردی بە یەک گەیشتنی نێوان ناوچەکانی ئوروپا و ئاسیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، ئەمەش وا دەکات پێگەی ستراتیژی بۆ هاوپەیمانی ناتۆ هەبێت، چونکە تورکیا بەشی باشووری ئەم هاوپەیمانییە پێکدەهێنێت کە وایکردووە رۆڵێکی گرنگ وستراتیژ بە ناتۆ بدات لەبەرامبەر ئەو ئالنگارییە جیوسیاسیانەی لەم ناوچە جوگرافییە گەرم و تەژی بە رووداوەدا رووبەرووی دەبێتەوە، جگە لەوەش تورکیا بۆ ناتۆ دەروازەیە بە رووی سەقامگیریی هەرێمی و پاراستنی بەرژەوەندییە ئاسایشییەکان وەک مامەڵەکردنی لەگەڵ شۆرشی سوریا و دۆخی پەنابەرانی سوری. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکجار دۆخی ئاڵۆزی رۆژهەڵاتی ناوەراست و ئالنگاریی و رووداوە بەردەوامە هەرێمییەکان کاریگەری لەسەر رۆڵی تورکیا و پەیوەندییەکانی بە هاوپەیمانەکانییەوە لە ناو ناتۆدا داناوە (Akduman, 2023, pp. 2953–2958)

**٢-٢: پرسی کورد وەك (هەڕەشە) بۆ ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا:**

بە درێژای سەد ساڵی رابردوو پرسی کورد فاکتەرێکی کاریگەردەبێت لە مێژووی سیاسی تورکیا. بەجۆرێک کاریگەری دەبێت لەسەر سیاسەتی ناوخۆ، دەرەوە و پەیوەندییەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ هاوپەیمانەکانیدا. لە ناتۆدا زۆرجار پرسی کورد خاڵی ناکۆکی نێوان تورکیا و ئەندامانی دیکەی ڕێکخراوەکە بوو. تورکیا بەردەوام هەوڵیداوە پرسی کورد وەک پرسێکی ئاسایش ببینرێت و وڵاتان، بەتایبەتی ئەندامانی ناتۆ قایلبکات نیگەرانییەکانی تورکیا سەبارەت بە ئاسایش بەهەند وەربگرن. لەم چوارچێوەیەدا تورکیا لە یاسای ژمارە ٣٧١٣ ی رێککەوتی ١٢ نیسانی ١٩٩١ ی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا پێناسەیەکی تایبەتی بۆ تیرۆر و رێکخراوە تیرۆریستییەکان کردووە. بەپێی یاساکە هەر کەس و لایەنێک لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێز و توندوتیژییەوە هەوڵبدات بۆ گۆڕینی سیستەمی سیاسی، کۆمەڵایەتی، یاسای و ئابووری، هەروەها هەوڵبدات بۆ دابەشکاری وڵات و نەتەوەیی تورکی، کۆماری تورکیا و دەستکەوتەکانی بخاتە مەترسییەوە، یاخود ئاستەنگ بۆ دەسەڵاتەکانی دەوڵەت دروستبکات و هەوڵی ڕوخانی یاخود دەستبەسەرداگرتنی بدات، ماف و ئازادییە بنچینەییەکان لەناوبەرێت، یاخود هەوڵبدات ئاسایشی ناوخۆ و دەرەوەی دەوڵەت تێکبدات و ئاستەنگ بۆ سیستەمی گشتی دروستبکات، یاخود سەلامەتیی گشتی بخاتە مەترسییەوە وەک کەسێک یاخود ڕێکخراوێکی تیرۆرستی دەناسێنرێت (Terörle Mücadele Kanunu No. 3713, 1991) وەک دیارە پێناسەی تورکیا بۆ تیرۆر زۆر فراوان و هەمە لایەنە، دەکرێت هەر کەس و لایەنێک یاخود ڕێکخراوێکی سیاسی پێ تۆمەتباربکرێت و وەک ڕێکخراوێکی تیرۆرستی بناسێنرێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەتایبەتی پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان. تورکیا بەم شێوەیە پرسەکەی لە پرسێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە و بۆ پرسێکی ئاسایش گۆڕییەوە.

لەم چوارچێوەیەدا، تورکیا بەشێک لە هێز و ڕێکخراوە کوردییەکانی وەک هێز و ڕێکخراوی لە یاسا دەرچوو و تیرۆریست ناساندووە و پرسەکەی وەک پرسێکی ئاسایش ناساندووە(İyiat,2018, s. 6-10) بۆیە ئەم پرسە دەبێت بە پرسیکی گرنگ لە مانۆڕە سیاسی و دیبلۆماسییەکانی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی ناتۆ. لە هەر لوتکە و کۆبونەوەیەکی ڕێکخراوەکەدا، یەکێک لە پرسە هەرە گرنگەکانی تورکیا پرسی هێزە کوردییەکان دەبێت. بەم شێوەیە تورکیا فشارەکانی لەسەر ئەندامانی ناتۆ چڕدەکاتەوە، تاکو ئەو هێزە کوردییەکان وەک ڕێکخراوی تیرۆریستی بناسێنن. دەرئەنجامی هەوڵەکانی تورکیا چەندین وڵاتی ئەندام لە ناتۆ هێزە کوردییەکان بە تایبەتی پەکەکەی وەک ڕێکخراوی تیرۆریستی ناساندووە (Türkiye Cumhuriyeti Dışişleri Bakanlığı, n.d.; Özdemir, 2022, p. 14) تەنانەت ئەمینداری گشتی ناتۆ جینس ستۆڵتنبێرگ (Jens Stoltenberg) لە ساڵی ٢٠١٩ ڕایگەیاند هەموو ئەندامانی ناتۆ سەبارەت بە پرسی ئاسایشی لەگەڵ تورکیا دەبن (NATO, 2019) هەروەها جینس ستۆڵتنبێرگ لە ساڵی ٢٠٢٠ ڕایگەیاند "تورکیا هاوپەیمانێکی گرنگی ناتۆیە، لەهەمان کاتدا لە هەموان زیاتر ڕووبەڕوی تیرۆربۆتەوە(Independent Türkçe, 2020) جینس ستۆڵتنبێرگ لە ساڵی ٢٠٢٣ لە لێدوانێکیدا جەختی لەوە کردەوە " تورکیا ئەندامێکی گرنگی ناتۆیە لە هەموان زیاتر ڕووبەڕوی پەلاماری تیرۆرستی بۆتەوە" هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد " پەکەکە بە تەنها ڕێکخراوێکی تیرۆریستی نییە بۆ تورکیا، بەڵکو لە لایەن هەموو ئەندامانی ڕێکخراوەکەوە وەک تیرۆریست دەبینرێت" و تورکیا مافی خۆیەتی بەرگری لە خۆی بکات(Çam, 2023)

بەم شێوەیە تورکیا لەم ڕێگەیەوە، لە لایەک پەکەکە و لقەکانی لە ڕوی سیاسی و دیبلۆماسییەوە گۆشەگیرکردووە، لە لایەکی دیکەوە تارادەیەک ڕەوایەتی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی ئەندامانی ناتۆی بۆ سەرکوتکردن و ئەنجامدانی هەر ئۆپراسیۆنێک لە دژی ئەو هێزانە بەدەستهێناوە. بۆیە دەبینین لە ناوخۆی تورکیا بە هەموو شێوەیەک دەستی کراوەیە بۆ ئەنجامدانی هەر ئۆپراسیۆنێک لە دژی پەکەکە، لەهەمان کاتیدا لە دەرەوەی سنوورەکانیشدا بەتایبەتی لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان هەر کاتیک ویستبێتی لە ژێر ناوی ئاسایشی نەتەوەیی و بوونی تیرۆر، ئۆپراسیۆنی سەربازی گەورەی

ئەنجامداوە. لەم چوارچێوەیەدا، لە کاتی شەڕی ناوخۆی سوریا و سەرهەڵدانی داعش، تورکیا لەگەڵ هێزە هاوپەیمانەکان هەماهەنگی ئەنجامدا و ڕێگەی پێدان بنکە سەربازییەکانی تورکیا بەکاربهێنن بۆ ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی ئاسمانی لە دژی داعش. تورکیا لە سەروبەندی ئاڵۆزییە ناوخۆییەکانی سوریادا ڕەخنەی لە سیاسەتەکانی ئەمریکا دەگرت و ئاماژەی بەوەدەکرد ئەمریکا یەکێکە لە هاوپەیمانە گرنگەکانی ناتۆ، بەڵام نیگەرانییەکانی تورکیا سەبارەت بە ئاسایشی نەتەوەیی و پرسی تیرۆر بەهەند وەرناگرێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، تورکیا لەژێر ناوی ئاسایشی نەتەوەیی، مەترسییەکانی تیرۆر و پاراستنی یەک پارچەی خاکی سوریا ئۆپراسیۆنەکانی قەڵغانی فورات لە ئابی ٢٠١٦، ئۆپراسیۆنی چڵە زەیتون لە کانونی دووەمی ٢٠١٨، ئۆپراسیۆنی کانی ئاشتی لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٩ لە ڕۆژئاوای کوردستان ئەنجامدا (Polat,2020, s.53-80.)هەروەها چەندین ئۆپراسیۆنی سەربازی وەک زنجیرە ئۆپراسیۆنی سەربازی چنگ - قفڵی لە ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان ئەنجامداوە (T.C. Millî Savunma Bakanlığı, n.d.)

لەباکووری کوردستانیش چەندین ئۆپراسیۆنی سەربازی گەورەی وەک خەندەق لە ساڵی ٢٠١٥(İNCİ, 2019, s.589-592) ، ئۆپراسیۆنی تەڵە (Kapan ) لە سەرەتاکانی ٢٠١٩ (T.C. İçişleri Bakanlığı Jandarma Genel Komutanlığı, 2020) و زنجیرە ئۆپراسیۆنەکانی ئەرەن بولبول لە سەرەتاکانی ٢٠٢١ ئەنجامبدات(T.C. İçişleri Bakanlığı, 2022) لەمەوە تورکیا هەرکاتێک ویستبێت بەبێ هیچ ئاستەنگێکی گەورەی نێودەوڵەتی ئۆپراسیۆنی سەربازی بۆسەر پەکەکە ولقەکانی لە ناوخۆ و دەرەوەی سنوورەکانی ئەنجامداوە. ئەگەر چی هەندێک جاریش چەند ئەندامێکی ناتۆ لەگەڵ سیاسەتەکانی تورکیا نەبن سەبارەت بە مافی کورد، بەڵام دواجار تورکیا توانیویەتی پێگەی خۆی لەناتۆ بەکاربهێنێت بۆ ڕەوایەتیدانی نێودەوڵەتی لە ئاست ئۆپراسیۆنەکانیدا.

جگە لەوەی تورکیا لەڕێگەی بەکارهێنانی پێگەی خۆی لە ناتۆ تاڕادەیەک ڕەوایەتی نێودەوڵەتی بۆ ئۆپراسیۆنەکانی لە دژی کورد مسۆگەر کردووە، لەهەمان کاتیشدا لە ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنەکانیدا سودێکی زۆر لە پرۆگرامەکانی ناتۆ وەردەگرێت. تورکیا لەڕێگەی ناتۆوە توانیویەتی هاوکاری دارایی گەورە لە ئەمریکا وەربگرێت و بەشداریش بکات لە نوێکردنەوە و دروستکردنی فرۆکەی جەنگی ئەمریکی، سوپای تورکیا لە چوارچێوەی ناتۆ و بەرگری هاوبەشدا مەشق و ڕاهێنان لەگەڵ سوپای ئەمریکا ئەنجام دەدات و لە لایەن هێزی ئاسمانی ئەمریکاوە ڕاهێنان بە فڕۆکەوانە تورکیاییەکان دەکرێت، ئەمەش دەرفەتێکە بۆ تورکیا تاکو توانا سەربازی و بەرگرییەکانی خۆی پێشبخات(Balcı, 2018, s. 189-190) هەروەها چەندین جۆر چەک و کەرەستەی سەربازی پێشکەوتو لە ئەمریکای هاوپەیمانی هاوردە دەکات. بەپێی ڕاگەیاندنی پەڕەی فەرمی پیشەسازی بەرگری تورکیا، لە ساڵی ٢٠٢٥ بە بەهای سەدان میلۆێن دۆلار موشەک لە ئەمریکاوە هاوردەکراوە (SavunmaSanayiST, 2025)سەرباری چەندین جۆر و کەرەستەی دیکەی جەنگی کە لە وڵاتانی تری ئەندام لە ناتۆ هاوردە دەکات(SavunmaSanayiST, 2023) ئەوەی جێگەی سەرنجە تورکیا بەشێکی زۆری ئەو توانا و کەرەستە سەربازییانەی لە ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی ناتۆ بەدەستیدەهێنێت لە دژی هێزە کوردییەکان بەکاریاندەهێنێت. بە واتایەکی دیکە، گرنگی پێگەی تورکیا لە ناتۆ وای لەو وڵاتە کردووە بتوانێت لە ڕێگەی هاوپەیمانەکانی لە ناتۆ بەتایبەتی ئەمریکاوە توانا سەربازییەکانی پێشبخات و کەرەستەی جەنگی پێشکەوتوو بەدەستبێنێت، ئەو توانا و کەرەستە جەنگییانەیش لە دژی هێزە کوردییەکان بەکاربهێنێت.

## ٣:کەیسی سوید؛ وەرچەرخان لە (پەناگە) وە بۆ (سەوداو مامەڵە):

### ١-٣: سیاسەتی سوید بەرامبەر کورد پێش شەڕی ئۆکرانیا:

لە چەند دەیەی ڕابردوودا بەشێک لە خەڵکی کوردستان بە هۆکاری جیا وەک پەنابەر ڕویان لە وڵاتانی ڕۆژئاوا کردووە، کە یەکێک لەو وڵاتانە سوید بوو. بەشێک لەو کەسانەش بەهۆکاری سیاسی و وەک پەنابەری سیاسی ڕویان لەو وڵاتە کردووە. لەلایەک سیستەمی سیاسی سوید و پراکتیزەکردنی چەمکەکانی وەک دیموکراسی و مافی مرۆڤ، لە لایەکی ترەوە دۆخی سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتی کوردەکان فاکتەرگەلێکی گرنگ بوون تاکو کوردەکان ڕوو لە وڵاتی سوید بکەن و داوای مافی مانەوە لەو وڵاتە بکەن(پەڕەی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، ب.س نوێنەرایەتی سوید) حکومەتی سوید کارئاسانی کردووە بۆ کوردەکان تاکو بتوانن کەلتوری خۆیان بپارێزن و گرنگی بە مێژوو و زمانی خۆیان بدەن لەم پێناوەدا کەلتور و زمانی کوردییان کردووە بە بەشێک لە مەنهەج و پرۆگرام و پێشکەشی کوردەکانی ئەو وڵاتەیان کردووە. هەروەها چەندین گۆڤار و ڕۆژنامە بەزمانی کوردی بڵاوکراوەتەوە، تەنانەت ئەو دەرفەتەش دراوە بە کوردەکان تاکو کەناڵی تەلەفزیۆنی تایبەت بە خۆیان هەبێت و لەو وڵاتەدا بە ئازادانە پەخشی خۆیان بکەن(Leezenberg, 2022, pp. 88–92)

ڕەوەندی کوردی لە سوید بەشێوەیەکی گشتی توانیویانە خۆیان لەگەڵ سیستەمی سوید بگونجێنن و ببن بە بەشێک لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی سویدی و وەک پێکهاتەیەکی چالاک لە زۆرینەی کەرت و دەزگاکانی سویددا ڕۆڵ ببینن. ئەو دەرفەتەیشیان بۆ ڕەخساوە کە لە پارتە سیاسییەکانی ئەو وڵاتەدا چالاکانە کاربکەن و ڕۆڵیان هەبێت لە داڕشتنەوەی ئەجێندانی سوید بەتایبەتی بەرامبەر بە پرسی کورد. ئەندامانی ڕەوەندی کوردی لە پارتە سیاسییەکانی سوید توانیویان پلە و پۆستی گرنگ لەو وڵاتەدا بەدەستبێنن و هەندێکیشان

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12583]
- **Submission Date:** [28/7/2026], **Revised Date:** [28/7/2026], **Accepted Date:** [24/8/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

وەک ئەندامی پەرلەمانی سوید و نوێنەری سوید لە پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا هەڵبژێردرێن(ڕەحیم، 2022).
لەگەڵ ئەوەی داتایەکی دروست نییە سەبارەت بە ڕەوەندی کوردی لە سوید بەڵام ژمارەیان لە نێوان (١٠٠-١٥٠) هەزار مەزەندەدەکرێت. بەم شێوەیە ڕەوەندنی کوردی و دۆزی کورد لە سوید دەبێت بە سەرچاوەیەکی گرنگی ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان سوید و تورکیا. تورکیا زۆرکات سویدی بە هاوکاری کردنی پارتە سیاسییەکانی کورد (پەکەکە – یەپەگە) تۆمەتبار کردووە و ڕەخنەی ئاراستەی ئەو هاوکاری و دەرفەتانەی سوید کردووە کە بۆ ئەو پارتە سیاسییانەی ڕەخساندووە(Norell, 2022) لەم چوارچێوەیەدا، وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لە ڕاگەیەندراوی ژمارە ١٤٧ ی تەمووزی ٢٠٢٠ ئاماژەی بە کۆبونەوەکانی وەزیری دەرەوەی سوید ئان لیندا ( Ann Linde ) لەگەڵ کورد کردووە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا وەزارەتی دەرەوەی تورکیا ڕەخنەی توندی ئاراستەی وەزیری دەرەوەی سوید کردووە و ڕایگەیاندووە، سوید بە بیانوی جەنگی دژی داعش لە سوریا هاوکاری ئەو کوردانە دەکات کە تورکیا وەک تیرۆریست ناساندوونی. ئەم ڕاگەیاندنەی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لەکاتێکدا بوو، وەزیری دەرەوەی سوید لە پۆستێکیدا لە هەژماری خۆی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا ئاماژەی بەوە کردبوو، لەگەڵ ئەندامانی پەکەکە و یەپەگەدا کۆبونەوەی ئەنجامداوە (Türkiye Cumhuriyeti Dışişleri Bakanlığı, 2020). هەروەها سوید یەکێک بووە لەو وڵاتەنی کە هاوکاری دارای پێشکەش بە هێزە کوردییەکانی ڕۆژئاوا کردووە، لەم ڕوانگەیەوە ئەڤین سوێد، نوێنەری خۆبەڕێوەبەری باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا لە هەرێمی کوردستان، لە بەرنامەی بەیانی کوردسات نیوز ڕایگەیاند، سوید بەردەوام هاوکار و پشتیوانی مافی کوردەکان بووە. بەتایبەتی دوای ئاڵۆزییە نێوخۆییەکانی سوریا هاوکاری هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) یان کردووە و پەیوەندی سیاسی و دیبلۆماسییان لەگەڵیان دروستکردووە. تەنانەت سوید ڕێگەیداوە بە هەسەدە کە نوێنەرایەتی خۆی لەو وڵاتە بکاتەوە. لەگەڵ دەستپێکردنی ئۆپراسیۆنەکانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوا، سوید یەکێک بوو لەو وڵاتانەی بەتوندی دژی ئۆپراسیۆنەکانی تورکیا بوو، وەک کاردانەوەیەک گەمارۆی کەرەستەی سەربازی لە دژی تورکیا جێبەجێکرد (Yurt & Süleymanoğlu, 2022) (سوێد، 2022) بەم شێوەیە حکومەتی سوید لە کابینەی ماگدالانا ئەندێرسوون( Magdalena Andersson) لە بەرەی هاوپەیمانی چەپ هاوکارییەکانی بۆ کوردەکان بە تایبەتی بۆ یەکینەکانی پاراستنی گەل فراوان کردبوو(Ünver, 2022)

**٢-٣: کاریگەریی مەرجەکانی تورکیا لەسەر یاسا ناوخۆییەکانی سوید (یاسای دژەتیرۆر):**

دەرئەنجامی ئەم هاوکارییانەی سوید بۆ پارتە سیاسییە کوردییەکان، دەبێت بە ئاڵنگاری لە بەردەم بوون بە ئەندامی ئەو وڵاتە لە ڕێکخراوی ناتۆ. کاتێک سوید داواکاری بەئەندامبوونی پێشکەش بەڕێکخراوەکە کرد، تورکیا بە توندی لە دژی داواکارییەکە وەستایەوە. لەم چوارچێوەیەدا سەرۆک کۆماری تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردوگان دژایەتی پرسەکەی کرد و ڕاگەیاند، سوید یەکێکە لەو وڵاتانەی کە زۆرترین هاوکاری و دەرفەتی پێشکەش بە ئەندامانی پەکەکە و یەپەگە کردووە و بووە بە ناوەندێک بۆ ئەندامانی ئەم ڕێکخراوانە. بۆیە مەرجی سەرەکی تورکیا بۆ سوید کۆتای پێهێنان و کەم کردنەوەی نیگەرانییەکانی تورکیایە سەبارەت بە پەکەکە و یەپەگە(Küçük, 2025, s. 7)
مەولود چاوشئۆغلۆ وەزیری دەرەوەی پێشووی تورکیا، لە کۆبونەوەی نافەرمی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ناتۆ لە بەرلین، ئاماژەی بەوەکرد کە تورکیا نیگەرانە لە هاوکاری و پەیوەندییەکانی سوید لەگەڵ پەکەکە و یەپەگە. چاوشئۆغلۆ ڕایگەیاند پێویستە سوید کۆتای بە هاوکارییەکانی بۆ ئەو هێزە کوردییانە بهێنێت و نیگەرانییەکانی تورکیا بەهەند وەربگرێت(Şahin, 2022) چونکە ئەو وڵاتە لە چەند دەیەی ڕابردودا پەناگەی دەیان چالاکوانی سیاسی کورد بووە، کە هەوڵیانداوە هاوکار و پاڵپشتی پێشکەش بە کوردانی هەر چوارپارچەی کوردستان بکەن. لە کاتی ئاڵۆزییەکانی سوریاش، سوید هاوکاری پێشکەش بە هێزەکانی سوریای دیموکرات دەکات و پەیوەندی دیبلۆماسی لەگەڵ خۆبەڕێوبەری ڕۆژئاوا دروست دەکات. بۆیە تورکیا بە نیگەرانییەکانی خۆی سەبارەت بە هاوکارییەکانی سوید بۆ خۆبەڕێوبەری خۆسەر بەو وڵاتە دەگەیەنێت. لە کاتی داواکاری سویدیش بۆ بون بە ئەندام لە ڕێکخراوەکەدا، تورکیا ئاستەنگ بۆ سوید دروست دەکات، ئاماژە بە پەیوەندییەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ کوردانی ڕۆژئاوا بەتایبەتی هێزەکانی سوریای دیموکرات دەکات و ئەندام پەرلەمانە کوردەکانی پەرلەمانی سویدی بە هاوکاری کردنی پەکەکە تۆمەتباردەکرد (Ertuğral, 2022)تورکیا هەوڵیداوە پێگەی خۆی لە ناتۆ بەکاربهێنێت تاکو ئاستەنگ بۆ پەیوەندی و هاوکارییەکانی سوید بۆ هێزەکوردییەکان دروستبکات (Cumhurbaşkanlığı İletişim Başkanlığı, 2023, ss. 89–94)
ئەم هەڵوێستەی تورکیا بەربەستێکی گەورە دەبێت لەبەردەم سوید، بۆیە پێش دەستپێکردنی لوتکەی وڵاتانی ناتۆ لە مەدریدی پایتەختی ئیسپانیا لە ساڵی ٢٠٢٢( لوتکەی مەدرید) هەریەک لە وڵاتانی سوید، فینلاند و تورکیا لە ئاستی باڵا کۆبوونەوە، دوای کۆبونەوەیەکی دوو کاتژمێری لێکتێگەیشتنێکی چەند خاڵییان واژووکرد. لە لێکتێگەیشتنەکەدا جەخت لەسەر چەند خاڵێک کرابویەوە، گرنگترینیان ماددەی سێیەم وچوارەم بوون. ماددەکان تایبەتبوون بە ئاسایشی نەتەوەی تورکیا و نیگەرانییەکانی ئەو وڵاتە سەبارەت بە پەکەکە و یەپەگە. بە پێی ماددەی چوارەم وڵاتی سوید ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا بەهەند وەردەگرێت و بەهیچ جۆرێک هاوکاری پێشکەش بەو گروپانە ناکات کە تورکیا وەک تیرۆریست ناساندوونی، هەروەها سەرکۆنەی هەموو کارەکانی ئەو گروپانە

دەکات، لەبەرامبەردا لەکاتی بوونی هەرمەترسییەک بۆسەر ئاسایشی سوید تورکیا بە هەموو توانای خۆیەوە هاوکاری پێشکەش بەو وڵاتە دەکات. هەر لە ڕێککەوتننامەکەدا سوید پەکەکە وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ناودەبات و ڕایدەگەیەنێت بەهیچ شێوەیەک ڕێگەنادەن پەکەکە چالاکییەکانی لە خاکی سویدا ئەنجام بدات. هاوتەریب، بەڵێنەیشی بە تورکیادا هاوکارییەکانی بۆ پەیەگەش ڕابگرێت و تەنانەت ڕێگریش بکات لە چالاکییەکانی ئەو کوردانەی کە پشتیوانی ئەم هێزە کوردییانە دەکەن (Aksoy, 2022, ss. 3–8)

هەر لەچوارچێوەی لێکتێگەیشتنە سێقوڵییەکەی نێوان سوید، فینلاند و تورکیا، میکانیزی هاوبەشی هەمیشەیی دادەمەزرێنن. ئامانج لێی چاودێریکردن و هەڵسەنگاندی ئاستی پابەندی لایەنەکانە بە جێبەجێکردنی بنەما سەرەکییەکانی لێکتێگەیشتنەکە و درێژەدانە بە کۆبونەوەکانی نێوانیان بۆ پێشخستنی پەیوەندییەکانیان (Türkiye Dışişleri Bakanlığı, 2024) لەم چوارچێوەیەدا زنجیرەیەک کۆبونەوەی گرنگ لە نێوان کاربەدەستانی باڵای هەردوو وڵاتدا ئەنجام دراوە. بۆ زیاتر هاوئاهەنگی و ئاستی پابەندی لایەنەکان بە لێکتێگەیشتنەکانی نێوانیان.

هاوتەریب لەگەڵ ئەم پێشهاتانەدا، دوای هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی ئەیلولی ٢٠٢٢ پارتە ڕاستڕەوەکانی ئەو وڵاتە زۆرینەیان بەدەستهێنا و ئولف کرستەرسون ( UIF Kristresson) وەک سەرۆک وەزیرانی نوێی ئەو وڵاتە دەستنیشان کرا. حکومەتی نوێی سوید هەوڵیدا لە تورکیا نزیک ببێتەوە داواکارییەکانی تورکیا سەبارەت بە کۆتای پێهێنانی هاوکارییەکانی سوید بۆ پەکەکە و یەپەگە بەهەند وەربگرێت. دوای ئەم گۆڕانکارییانە وەزیری دەرەوەی سوید تۆبیس بلیستروم (Tobis Bllistrom ) ڕایگەیاند، حکومەتی سوید نیگەرانییەکانی تورکیا بەهەند وەردەگرێت و هەوڵدەدات خۆی لە هەرجۆرە هاوکارییەکی پەکەکە و یەپەگە بەدووربگرێت. ئولف کرستەرسون لە سەردانەکەی بۆ تورکیا لە تشرینی دووەمی ٢٠٢٢ ڕایگەیاند کە هەموو هاوکارییەک پێشکەش بە تورکیا دەکەن بۆ ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر(Ünver, 2022)

شایەنی باسە، ئەم لێک نزیکبوونەوەی نێوان سوید و تورکیا، خواستەکانی تورکیا لەسەر سوید، نیگەرانی و نارەزایی لای رەوەندی کوردی دروستکرد، ئەوەتا ڕەوەندی کوردی لە سوید بە نیگەرانییەوە باس لە داهاتووخۆیان لەو وڵاتەدا دەکەن. ئامینە کاکەباوا کە کوردێکی ڕۆژهەڵاتە و ئەندام پەرلەمانی سویدە ئاماژە بەوە دەکات، زۆرێک لە کوردەکانی سوید دوای لێکنزیک بوونەوەکانی سوید و تورکیا نیگەرانن لە داهاتوی خۆیان و هەندێک جار ناچارن ناسنامەی کوردبونی خۆیان بشارنەوە، هەروەها کوردۆ باکسی کوردێکی باکورە و لە ئێستادا دانیشتوی سویدە، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی گاردییان ئاماژە بەوە دەکات، لێکنزیک بوونەوەی سوید و تورکیا مەترسی گەورە لەسەر کوردەکانی سوید دروستدەکات(Euronews, 2024)

لەکاتی دانوستانەکانی نێوان تورکیا و سوید، تورکیا هەوڵدەدات لە ڕێگەی دیبلۆماسییەوە سوید ڕازیبکات کۆتای بە هەر جۆرە چالاکییەکی وەک هەڵواسین و بەرزکردنەوەی ئاڵا، پروپاگەندەکردن وکۆکردنەوەی کۆمەکی دارایی لە لایەن لایەنگرانی پەکەکە و یەپەگەوە بهێنێت لەو وڵاتەکەیدا، چونکە پێش دەرچواندنی یاسای نوێی تیرۆر لە سوید، ئەو وڵاتە ڕێگەیدەدا بە لایەنگرانی پارتی کرێکارانی کوردستان و هێزەکانی ڕۆژئاوا لە ڕێگەی ڕێکخراوی جۆراوجۆرەوە هاوکاری و کۆمەک بۆ ئەم هێزە کوردییانە کۆبکەنەوە(Özkaya et al., 2024, pp. 583–592) یەکێکی تر لە خواستەکانی تورکیا لابردنی سزا سەربازییەکانی سویدە لەسەر تورکیا، بە تایبەتی ئەو سزایانەی لە دوای ئۆپراسیۆنەکانی تورکیا بۆسەر ڕۆژئاوای کوردستان لە ٢٠١٩ کە بەسەر کەرتی پیشەسازی بەرگری تورکیادا سەپاندوونی(Şahin, 2022) پاش مەرج و فشارەکانی تورکیا بۆ سەر سوید، ئەو وڵاتە ناچاردەبێت بە نێوەندگیری سکرتێری گشتی ناتۆ ( جێنس ستۆلتنبێرگ) لە حوزەیرانی ٢٠٢٣ گۆڕانکاری لە یاسای ناوخۆی وڵاتەکەی تایبەت بە تیرۆر ئەنجامبدات. لە کاتی ئەنجامدانی ئەو گۆرانکارییانەشدا سوید خواستەکانی تورکیای بەهەند وەردەگرێت و زۆرترین داواکارییەکانی ئەو وڵاتەی جێبەجێدەکات. لەگەڵ دەرچواندنی یاسا نوێیەکە هەموو کۆمەکو هاوکارییەکی پارتە کوردییانە لە سوید قەدەغەدەکرێت و سزای قورسی هەموو ئەو لایەن و ڕێکخراوانە دەدرێت کە هەوڵدەدەن کۆمەکی بۆ پارتە کوردییانە کۆبکەنەوە. هەروەها بە پاساوی تیرۆر هەموو گردبونەوەیەکی نارەزایەتی کوردەکان لە دژی دەستدرێژییەکانی حکومەتی تورکیا بۆ سەر کوردەکان قەدەغە کراوە و سزای توند دانراوە بۆ ئەو کەسانەی کە وەک لایەنگری ئەم پارتە کوردییانە هەر چالاکییەکی سیاسی لە سویددا ئەنجامدەدەن(DW, 2023) بۆیە لەگەڵ دەرچواندنی ئەم یاسا نوێیەی سوید چالاکییەکانی لایەنگرانی پارتە سیاسییە کوردییانە لە سوید بە ڕێژەیەکی بەرچاو سنورداردەکرێت و تەنانەت دوای دەرچواندنی یاساکە سوید دەستدەکات بە گرتن و سزادانی ئەو کەسانەی کە ئەندامی پارتە سیاسییە کوردییانەن یاخود هاوسۆزیانن و هەوڵدەدەن کۆمەکی داراییان بۆ کۆبکەنەوە. بۆیە دەبینین دوای گۆڕانکاری لە یاسای ناوخۆی سوید، ئەو وڵاتە بۆ یەکەم جار هاوڵاتییەک بە تۆمەتی هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی کۆمەکی دارای بۆ پەکەکە دەستگیردەکات(SVT Nyheter, 2023)

دوای دەرچواندنی یاسای نوێی سوید و قەدەغەکردنی کۆکردنەوەی هاوکاری و ئەنجامدانی هەر جۆرە نارەزایەتییەک بۆ پشتیوانی پەکەکە و یەپەگە لە دژی تورکیا، حکومەتی سوید هەڵدەستێت بە داخستنی ڕادیۆیی دەنگی کوردی لە سوید. ئەم ڕادیۆیە دوای ئەوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵ بە زمانی کوردی وەک ڕادیۆیەکی ئەکتیڤ کاری دەکرد، حکومەتی سوید لە سەرەتاکانی ٢٠٢٤ بڕیاری داخستنی خزمەتگوزارییەکی دەرکرد. زۆرێک لە کوردەکان بەتایبەتی

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12583]
- **Submission Date:** [28/7/2026], **Revised Date:** [28/7/2026], **Accepted Date:** [24/8/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

لایەنگرانی پەکەکە و یەپەگە پێیان وایە کە حکومەتی سوید لەژێر فشاری تورکیا هەستاوە بە داخستنی ڕادیۆی دەنگی کوردی. چونکە ئەم ڕادیۆیە چالاک بووە لە گواستنەوەی گرفتەکانی کورد و ڕۆڵی هەبووە لە بونیادنانی دیاسپۆرای کوردی لە سوید. بۆیە تورکیا ویستویەتی ڕێگری بکات لە گەیشتنی پەیام و دیدی هێزە کوردییەکان بۆ کوردەکانی سوید(Kaya, 2023)

دوای ڕێککەوتنی تورکیا – سوید لەسەر پرسی ئەندامێتی سوید لە ناتۆ، ڕەوەندی کورد لە سوید لە ٢٥ ئەیلولی ٢٠٢٣ لە ستۆکۆڵمی پایتەختی ئەو وڵاتە دەستیان بە خۆپیشاندان کرد و داوایان کرد کە سوید ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ تورکیا هەڵبوەشێنێتەوە (Altuntaş, 2023)

لە کۆتایدا دەردەکەوێت، خواستی سوید بۆ بون بە ئەندام لە ناتۆ و فشارەکانی تورکیا بۆسەر سوید، کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی سوید، ئەمەش کاریگەریی گەورەی نەرێنی دەبێت لەسەر کوردەکان بەتایبەتی پەکەکە و یەپەگە. لەسەر ئاستی دەرەوە سوید کۆتایی هێنا بە هەموو کەناڵێکی پەیوەندی لەگەڵ کوردەکان بەتایبەتی هێزە کوردییەکانی سوریا، لە سەر ئاستی ناوخۆیش کوردەکانی خرانە ژێرچاودێری توندەوە و لەژێر ناوی ئاسایشی نەتەوەی سوید سنوری چالاکییەکانیشیان بەرتەسک کرایەوە و تەنانەت دەستکرا بە دەستگیرکردنی بەشێک لەو داواکراوانەی کە تورکیا داوای کردبوون(Baksi, 2023)

لەو دۆخەشدا کورد زەرەرمەندی سەرەکی بووە، چونکە لە لایەکەوە پشتیوانییەکی گرنگ لەدەستدەدەن، لە لایەکی دیکە تورکیا زیاتر دەستی وڵادەبێت بۆ بەرهەمهێنانی کەرەستەی سەربازی زیاتر و بەکارهێنانی لە دژی ئەو هێزە کوردییان. لە هەمان کاتدا ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا بەرامبەر بە کورد ڕەوایەتی وەردەگرێت لای وڵاتانی ڕۆژئاوا، بەتایبەتی سوید.

**ئەنجام**

- تورکیا سوودی لە پێگەی ستراتیجی خۆی بینیوە و لە ناتۆدا لە دژی دۆزی کورد بەکاریهێناوە. لەو ڕێگەیەوە هەوڵیداوە هێزە کوردییەکان بەتایبەت پەکەکە و لقەکانی لەڕوی دیبلۆماسی و سیاسییەوە پەراوێزبکات.
- کاربەدەستانی تورکیا هەوڵیانداوە لە ڕێگەی گوتار و ڕەفتاری سیاسییەوە پرسی کورد وەک پرسێکی ئاسایش بگەیەنن بە دانیشتوانی تورکیا و لەو ڕێگەیەوە کردەی دور لە یاسای و دیموکراسی لە دژیان بەکاتبهێنن.
- بە ئەمنیکردنی پرسی کورد و مافی ڤیتۆ لە لایەن تورکیا لە ناتۆ ئاڵنگرییەکی گەورەیە ڕوبەڕی پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان بۆتەوە، ئەگەر بە ئاگاییەوە ڕوبەڕوی نەبنەوە ئەوا دەکرێت هۆکاربێت بۆ کەمبونەوەی هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان و کەناڵە دیبلۆماسییەکانی بەردەمی.
- بەهۆکاری فشارەکانی تورکیا، دەکرێت سوید لە نزیک مەوداد کۆمەڵێک ڕێوشوێنی توند لە دژی پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان بگرێتەبەر، بەڵام بەهۆکاری وابەستەبوونی ئەو وڵاتە و هاوڵاتیانی بە بنەماکانی مافی مرۆڤ و بەهاکانی دیموکراسی دەکرێت لە دورمەودادا ببێتەوە بە وڵاتێکی بەرگریکار لە دۆزی کورد.

## سەرچاوەکان


**+ کتێبەکان:**

**- بە زمانی کوردی:**

ئێرۆخمانۆف، ک. (ئید.). (2019). تیۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان (ش. حوسێن، وەرگێڕ). چاپخانەی تاران.

**- بە زمانی عەرەبی:**

النعيمي، أ. ن. (1981). *تركيا وحلف شمال الأطلسي*. المطبعة الوطنية.

**- بە زمانی ئینگلیزی:**

Hobbes, T. (2007). Leviathan (S. Lim, Trans.; 6th ed.). Yapı Kredi Buzan, B., Wæver, O., & de Wilde, J. (1998). Security: A new framework for analysis. Lynne Rienner Publishers.

**- بە زمانی تورکی:**

Balcı, A. (2018). *Türkiye dış politikası: İlkeler, aktörler ve uygulamalar*. Melisa Matbaacılık.

Karabulut, B. (2016). Uluslararası ilişkiler: Kavramlar, teoriler, kurumlar. Barış Kitap.

Özdemir, G. S. (2022). *70 yıllık Türkiye-NATO ilişkileri*. SETA Yayınları

Sönmezoğlu, F. (2019). Uluslararası politika ve dış politika analizi (7th ed.). DER Yayınları.

**+ سەرچاوە فەرمییەکان:**

**- بە زمانی ئینگلیزی:**

National Security Council. (1950, April 14). United States objectives and programs for national security (NSC 68). Office of the Historian, U.S. Department of State. https://history.state.gov/historicaldocuments/frus1950v01/d292

NATO. (2019, May 6). NATO allies stand with Turkey: Secretary General Stoltenberg. https://www.nato.int/

kararlı ve güçlü Türk dış politikası. https://www.mfa.gov.tr/

+ ماستەرنامە وتێزی دکتۆرا:
الشرهان، أ. ز. (2015). استراتيجية حلف شمال الأطلسي تجاه منطقة الخليج العربي بعد انتهاء
الحرب الباردة، رسالة ماجستير، كلية الآداب والعلوم، جامعة الشرق الأوسط

+ توێژینەوە و وتار:
- بە زمانی ئینگلیزی:

Akduman, B. (2023). NATO's southern flank: The evolution of Türkiye's
strategic role and its implications for regional security. Journal of the
Human and Social Science Researches, 12(5).
Akkaya, B. (2012). Türkiye'nin NATO üyeliği ve Kore Savaşı. Akademik
Bakış Dergisi, (28).
Bölme, S. M. (2022). NATO-Türkiye relations: From irreplaceable partner
to questionable ally. Studia Europejskie – Studies in European Affairs,
(3).
Çakır, O. D., & Chasnouski, M. E. (2020). Turkey in NATO: An
extraordinary position. Journal of the Belarusian State University.
International Relations, (2).
Leezenberg, M. (2022). Review of *Genèse du Kurdistan: Les Kurdes dans*
l'Orient mamelouk et mongol (1250–1340), by B. James. Kurdish
Studies Archive, 10(1),
Leffler, M. P. (1985). Strategy, diplomacy, and the Cold War: The United
States, Turkey, and NATO, 1945–1952. The Journal of American
History, 71(4).
Oğuzlu, T. (2013). *Turkey and NATO. Adam Akademi, 3*(1).
Ovalı, A. Ş. (2024). Türkiye-NATO ilişkilerinde
veto krizleri: Benzerlikler ve farklılıklar üzerine
bir değerlendirme. Ankara Üniversitesi SBF
Dergisi, 79(1),
https://doi.org/10.33630/ausbf.1192846
Rodriguez, P. (2020, June). Alliance theory:
Understanding Turkey's changing alliance

U.S. Department of State. (1951). Foreign Relations of the United States,
1951, The Near East and Africa (Vol. 5, Document 660, The Position
of the United States With Respect to Turkey). Office of the Historian.
[https://history.state.gov/historicaldocuments/frus1951v05/d660](https://history.state.gov/historicaldocuments/frus1951v05/d660)

- بە زمانی تورکی:
Cumhurbaşkanlığı İletişim Başkanlığı. (2023). Türkiye'nin NATO üyeliği:
Fırsatlar ve sınamalar (1. baskı). Cumhurbaşkanlığı İletişim Başkanlığı
Yayınları.
T.C. İçişleri Bakanlığı. (2022, April 15). Eren operasyonları bitti, ilkbahar-
yaz döneminde abluka operasyonları başlatıldı. https://www.icisleri.gov.tr/
T.C. Millî Savunma Bakanlığı. (n.d.). Pençe serisi operasyonlar.
https://www.msb.gov.tr/PenceSerisiOperasyonu
Terörle Mücadele Kanunu (Kanun No. 3713). (1991, April 12). Resmî
Gazete, 20843 (Mükerrer). Engelli ve Yaşlı Hizmetleri Genel Müdürlüğü – Terörle Mücadele Kanunu
Türkiye Cumhuriyeti Dışişleri Bakanlığı. (2020, July 9). No. 147: İsveç
Dışişleri Bakanı Ann Linde'nin PKK/PYD/YPG terör örgütü mensuplarıyla
görüşmesi hakkında. https://www.mfa.gov.tr/no_-147_-isvec-disisleri-bakani-ann-linde_nin-pkk_pyd_ypg-teror-orgutu-mensuplariyla-gorusmesi-hk.tr.mfa
Türkiye Cumhuriyeti Dışişleri Bakanlığı. (n.d.). *PKK*. Retrieved June 2,
2025, from https://www.mfa.gov.tr/
Independent Türkçe. (2020, January 21). NATO Genel Sekreteri
Stoltenberg: Türkiye önemli bir müttefik. https://www.indyturk.com/
T.C. İçişleri Bakanlığı Jandarma Genel Komutanlığı. (2020, March 6).
Kapan Operasyonları'nda son durum. https://www.jandarma.gov.tr/kapan-operasyonlarinda-son-durum
Türkiye Dışişleri Bakanlığı. (2024, November 21). Belirsizlikler çağında

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps[://sjh.univsul.edu.iq/](https://sjh.univsul.edu.iq/)**, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12583]
- **Submission Date:** [28/7/2026], **Revised Date:** [28/7/2026], **Accepted Date:** [24/8/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

191). Siyaset, Ekonomi ve Toplum Araştırmaları Vakfı (SETA).

**+ سەرچاوەکان:**

**- بە زمانی ئینگلیزی:**

Yegin, M. (2019). Turkey between NATO and Russia: The failed balance.
Stiftung Wissenschaft und Politik (SWP). https://www.swp-berlin.org/

Jennequin, A. (2020, June 13). Turkey and the weaponization of Syrian
refugees. Brussels International Center. https://www.brusselsinternationalcenter.org/

Norell, M. (2022, June 27). NATO membership for Sweden: Between
Turkey and the Kurds. The Washington Institute for Near East Policy. https://www.washingtoninstitute.org/

NATO. (2023, June 30). *Consensus decision-making at NATO*.
NATOhttps://www.nato.int/en/what-we-do/introduction-to nato/consensus-decision-making-at-nato

DW. (2023, July 6). Sweden Supreme Court: OK to send PKK supporter
to Turkey. https://www.dw.com/

Çubukçuoğlu, S. S. (2024, February 5). Sweden's NATO membership and
the link with Turkey. Trends Research & Advisory. https://trendsresearch.org/insight/swedens-nato-membership-and-the-link-with-turkey/

Kovankaya, I. (2026, April 20). NATO to establish new multicorps in
Adana. bianet. https://bianet.org/

**- بە زمانی کوردی:**

پەڕەی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان نوێنەرایەتی سوید، (ب.س)بەرواری سەردان ، ٢٠٢٥/٧/٢١.
https://sweden.gov.krd/representationen/?utm_source=chatgpt.com

سوێد، ئەڤین. (2022، 8 تشرینی دووەم) *بەیانی*. کوردسات نیوز . .https://l24.im/j0OA t

ڕەحیم، ش. ق. (2022، 29 ئاب). ڕەوەندی کوردی لە سوید . کوردستانی نوێ.

behavior within NATO (Master's thesis). Naval Postgraduate School.

Şahin, E. (2022). Avrupa jeopolitiği yeniden şekillenirken: Finlandiya ve İsveç'ten NATO üyelik başvurusu. İKV E-Bülteni (16–31 Mayıs 2022). https://www.ikv.org.tr/

Varlık, A. B. (2019). NATO's transformation and Turkey. In Istanbul Security Conference 2018.

Zürcher, E. J. (2004). *Turkey: A modern history* (2nd ed.). I.B. Tauris.

**- بە زمانی عەرەبی:**

توم، ب. خ. (2017). تحولات الدور التركي ومستقبله في حلف الناتو .رؤية تركية، 6(2).

عمر، ي. ح. (2021). تركيا: التاريخ السياسي الحديث والمعاصر . المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات.

**- بە زمانی تورکی:**

Kurt, V., & Yiğit, M. (2024). *Türk savunma sanayinin gelişimi*. Türkiye
Araştırmaları Vakfı Yayınları.

İyiat, B. (2018). Suriye iç savaşında Kürtler ve PYD terör örgütü. Ankara
Uluslararası Sosyal Bilimler Dergisi, 1(2).

Yeltin, H. (2021). Türkiye ve S-400 hava savunma sistemleri: Türkiye-
ABD-Rusya ilişkilerindeki yeri. Anadolu Strateji Dergisi (Journal of Anatolian Strategy), 1(1)

Polat, D. Ş. (2020). Türkiye'nin Suriye'nin kuzeyindeki askeri harekâtının
amaçları ve sonuçları. Güvenlik Stratejileri Dergisi, 16(33).

Aksoy, M. (2022). *Türkiye, İsveç ve Finlandiya arasında imzalanan*. Strateji
Düşünce ve Analiz Merkezi. https://sdam.org.tr/

Küçük, E. (2025). Tarafsızlıktan NATO'ya: Türkiye perspektifiyle İsveç-
NATO ilişkileri. Erzurum Teknik Üniversitesi Sosyal Bilimler Enstitüsü Dergisi, (21).

Özkaya, M., Baştan, Y., & İzgi, B. (2024). Oyun teorisi açısından Türkiye
gözünden Finlandiya ve İsveç'in NATO'ya üyelik süreci. Afyon Kocatepe Üniversitesi Fen ve Mühendislik Bilimleri Dergisi, 24(3)

Kibaroğlu, M. (2017, March). *Türkiye–NATO ilişkileri* (SETA Analiz No.

Yurt, P., & Süleymanoğlu, B. (2022, July 28). PKK terör örgütünün İsveç yapılanması: NATO üyelik süreci üzerinden bir değerlendirme. Terörizm ve Radikalleşme ile Mücadele Araştırma Merkezi. https://l24.im/rAqlk

- به زمانی تورکی:

Altuntaş, A. (2023, October 1). İsveç'te terör örgütü PKK/YPG destekçilerinden yeni provokasyon. Anadolu Ajansı. https://www.aa.com.tr/.

Baksi, K. (2023, July 11). Türkiye, İsveç'ten NATO üyeliği karşılığında Kürt, para ve silah istiyor. Rupela Nu. https://www.rupelanu.org/

Çam, Ö. T. (2023, November 28). NATO: Türkiye'nin terörle mücadelede meşru güvenlik kaygıları var. Anadolu Ajansı. https://www.aa.com.tr/

Çam, Ö. T. (2023, November 28). NATO: Türkiye'nin terörle mücadelede meşru güvenlik kaygıları var. Anadolu Ajansı. https://www.aa.com.tr/

Ertuğral, Y. (2022). *"İsveç ve Finlandiya Krizinin" gölgesinde* NATO zirvesine doğru: Prof. Dr. Özgür Ünal Eriş ile söyleşi. EURO Politika, (14), 7–16. https://izlik.org/JA64BA26ZP

Euronews. (2024, February 10). İsveç'te yaşayan Kürtler: "Artık güvende değiliz". https://tr.euronews.com/

Kaya, A. T. (2023, February 13). İsveç'te "NATO" etkisi: "Kürtler baskı altında ama halk sahip çıkacak". Gazete Duvar. https://www.gazeteduvar.com.tr/

SavunmaSanayiST. (2023, March 13). Türkiye'nin silah ihraç ve ithal ettiği ülkeler açıklandı. https://www.savunmasanayist.com/

SavunmaSanayiST. (2025, May 14). ABD'den Türkiye'ye 300 milyon dolarlık füze satışına onay. https://www.kisa.link/errhy.

SVT Nyheter. (2023, July 6). PKK-man döms för försök till terrorfinansiering och vapenbrott. https://www.svt.se/nyheter/inrikes/pkk-man-doms-for forsok-till-terrorfinansiering-och-vapenbrott

Ünver, A. (2022, November 11). Karşılıklı beklentiler ışığında Türkiye ve İsveç ilişkileri. Anadolu Ajansı. https://www.aa.com.tr/

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12583]
- **Submission Date:** [28/7/2026], **Revised Date:** [28/7/2026], **Accepted Date:** [24/8/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

## The Securitization of the Kurdish Issue and NATO Expansion: Turkey's Use of the Veto against Sweden's Membership as a Case Study

**Abstract:**

In light of the "Securitization" theory of the Copenhagen School, this research examines the process of utilizing the veto power within the NATO alliance as a strategic and geopolitical tool. The study primarily focuses on the diplomatic conflicts between Turkey and Sweden during the NATO enlargement process, serving as a prominent example of how the "Kurdish issue" was transformed from a national and political matter into an international security issue.

Through the formulation of an intense security discourse, How Turkey managed to portray the presence and activities of Kurds in Sweden as an immediate and existential threat to its national security. Consequently, How the veto power was transformed from a procedural mechanism within the alliance into an intense security pressure tool aimed at compelling Sweden to revise its foreign policy and domestic laws regarding the Kurdish cause.

The research elucidates how the issue of minorities and refugees shifted from the sphere of human rights and domestic politics into the realm of high security and geopolitical conflict. Ultimately, this study demonstrates that NATO's collective decision-making mechanism is not solely for mutual defense; rather, it is "securitized" by member states to secure political gains and impose specific security agendas. This highlights the complexities between state sovereignty, regional security, and international institutions in the contemporary era.

**Keywords:** Securitization, Veto Power, Kurdish Issue, NATO, Turkey, Sweden.

## أمننة القضية الكردية وتوسّع حلف الناتو: استخدام تركيا لحق النقض (الفيتو) تجاه عضوية السويد نموذجًا

**الملخص:**

في ضوء نظرية "الأمننة (Securitization) "لمدرسة كوبنهاغن، يناقش هذا البحث عملية استخدام حق النقض (الفيتو) داخل حلف الناتو كأداة استراتيجية وجيوسياسية. وتركز الدراسة بشكل أساسي على الصراعات الدبلوماسية بين تركيا والسويد أثناء عملية توسع الناتو، كمثال بارز على كيفية تحويل "القضية الكوردية" من شأن سياسي وقومي إلى قضية أمنية دولية.

من خلال صياغة خطاب أمني مكثف، كيف تمكنت تركيا من تصوير الوجود والأنشطة الكوردية في السويد كتهديد فوري ووجودي (Existential Threat) لأمنها القومي. وبذلك، كيف تحول حق النقض من آلية إجرائية داخل الحلف، إلى أداة ضغط أمني مكثف تهدف إلى إجبار السويد على مراجعة سياستها الخارجية وقوانينها الداخلية تجاه القضية الكوردية.

يوضح البحث كيف انتقلت قضية الأقليات واللاجئين من دائرة حقوق الإنسان والسياسة الداخلية، إلى مجال الأمن العالي والصراع الجيوسياسي. وفي الختام، تثبت هذه الدراسة أن آلية صنع القرار الجماعي في الناتو ليست مخصصة للدفاع المشترك فحسب، بل يتم "أمننتها" من قبل الدول الأعضاء لتحقيق مكاسب سياسية وفرض أجندات أمنية خاصة، مما يعكس التعقيدات القائمة بين سيادة الدولة، والأمن الإقليمي، والمؤسسات الدولية في العصر الحديث.

**الكلمات المفتاحية :**الأمننة، حق النقض (الفيتو)، القضية الكوردية، الناتو، تركيا، السويد